# کار بە پێی ناوەڕۆك

کار بە پێی ناوەڕۆك (٤) شێواز لەخۆ دەگرێت ،کە بریتین لەمانەی خوارەوە :

١- شێوازی ڕاگەیاندن ٢- شێوازی دانانی ٣- شێوازی داخوازی ٤- شێوازی مەرجی

## شێوازی ڕاگەیاندن

بریتین لەو ڕێژانەی کار ،کە بۆ ڕاگەیاندنی خەبەرێك بەشێوەی ڕاستەوخۆ و دوور لە دروستکردنی هیچ گومانێك بەکاردەهێنرێن ، جا بەشێوەی ئەرێ بێت یاخود نەرێ .

شێوازی ڕاگەیاندن (٥) ڕێژەی هەیە،کە (٤) یان لە دەمی ڕابردوو دان و یەکێکیشیان لە دەمی ڕانەبردوو دایە،بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن (قەدی چاوگ)/ یاساکەی ﴿ چاوگ - (ن)ی چاوگ ﴾

نموونە { چوون ← چوو / هەڵکردن ← هەڵکرد / ڕیزکردن ← ڕیزکرد}

بەلاّم ئەگەر کارەکە داڕێژراوبوو ، بە پاشگری (ەوە)دروستکرابوو :

أ- ئەگەر کارەکە لە چاوگی بزوێن وەرگیرابوو (ا ، ی) پێویستە (یـ)ناوبەند بچێتە نێوان بەشە سادەکەی کار و پاشگرەکە .

نموونە { کشانەوە ← کشایەوە / دۆزینەوە ← دۆزیـــیـــەوە / لەرینەوە ← لەرییـــەوە }

ب- بەلاّم ئەگەر کارەکە لە چاوگی نەبزوێنی (د ، ت)دروستکرابوو ،تەنها (ن)ی چاوگی لەنێوان بەشە سادەکەی کارو پاشگری (ەوە) لادەبەین،ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن دروست دەبێت .

نموونە { کردنەوە ← کردەوە / داخستنەوە ← داخستەوە / دەستپێکردنەوە ← دەستپێکردەوە }

٢- ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن / یاساکەی﴿قەدی چاوگ + (وە) یـــان (ووە)﴾

لە چ کاتێکدا (وە) بەکاردێت و کەی (ووە) بەکادێت ؟

أ- ئەگەر قەدی چاوگەکە کۆتایی بە پیتە بزوێنەکانی (ا ، و ، ی) هاتبوو ئەوا (وە) وەکوو نیشانەی کاری ڕابردووی تەواو دەچێتە دوای قەدەکە . نموونە { بڕژا + وە = بڕژاوە / کڕیـ + وە = کڕیوە / چوو + وە = چووە }

تێبینی / لە(چاوگی واو)دا (وو)ی قورس دەگۆڕێت بۆ (و)ی سووك .

ب- بەلاّم ئەگەر قەدی چاوگەکە کۆتایی بە پیتە نەبزوێنەکانی (د، ت) هاتبوو ئەوا (ووە) وەکوو نیشانەی کاری ڕابردووی تەواو بەکاردێت و دەچێتە دوای قەدی چاوگەکە .

نموونە {کرد+ ووە = کردووە / ناشت +ووە = ناشتووە / هەڵکەند+ووە = هەڵکەندووە / سەرکەوت+ووە= سەرکەوتووە}

تێبینی / خۆ ئەگەر کارەکە بە پاشگری (ەوە) کۆتایی هاتبوو ، (تـ)ی ناوبەند دەچێتە نێوان نیشانەی کاری تەواو (وە ، ووە) و پاشگری (ەوە) ، بۆئەوەی دوو بزوێن بەدوای یەکتریدا نەیەن .

نموونە / چەوساندنەوە ← چەوساند+ووە+تـ+ەوە = چەوساندووەتەوە / هێنانەوە ← هێنا+وە+تـ+ەوە= هێناوەتەوە.

٣- ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن / یاساکەی ﴿ دە + قەدی چاوگ ﴾

نموونە { ڕستن ← دە+ڕست =دەڕست / چاندن ← دە+چاند =دەچاند / هێنان ← دە+ هێنا = دەهێنا

- ئەگەر کارەکە داڕژاو یان لێکدراو بوو ، پێویستە دوای دانانەوەی (پێشگر) یاخو (بەشە واتادارەکە) ئینجا یاساکەی بەسەردا جێبەجێ بکرێت ، بەم شێوەیەی خوارەوە .

نموونە { هەڵکردن ← (هەڵ) + دە + کرد = هەڵدەکرد / دابەشبوون ← (دابەش)+ دە+بوو= دابەش دەبوو}

٤- ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن / یاساکەی ﴿ قەدی چاوگ + بوو﴾

نموونە{مردن ← مرد+بوو= مردبوو / ڕاکردن ← ڕاکرد+بوو= ڕاکردبوو / بانگکردن ← بانگکرد+بوو= بانگکردبوو}

- ئەگەر چاوگەکە بە پاشگری (ەوە)کۆتایی هاتبوو بەم شێوەیە ڕێژەی ڕابردووی دووری لێ دروست دەکرێت :

بردنەوە ← برد+بوو+ەوە= بردبووەوە هەڵدانەوە ← هەڵدا+بوو+ەوە=هەڵدابووەوە .

واتا هیچ ناوبەندێك ناچێتە نێوان ( بوو ) ی نیشانەی کاری ڕابردوو ( ەوە )ی پاشگر .

- لە کرمانجی ژووروودا ( د )ی چاوگی دالی دەرنابڕدرێ و نانووسرێ . { مرد+بوو /کر+بوو / بر+بوو }

٥- ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن / یاساکەی ﴿ دە + ڕەگی کار + جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی ( م،ین،یت،ن، ات یێت، ن ﴾

نموونە / سووتان ← دە+ سووتێ+ یت =دەسووتێیت / کڕین ← دە+کڕ+ یت= دەکڕیت

لە کاری دارێژراوو لێکدراودا نیشانەی ( دە )ی ڕانەبردوو دەخرێتە دوای بەشی یەکەی کارەکە .

دا پۆشین ← دا+دە+پۆش+یت = دادەپۆشیت / سەرخستن ← سەر+دە + خە + ات

- هەموو کارێکی ڕابردوو لە قەدی چاوگ درووست دەکرێت ، هەموو کارێکی ڕانەبردووش لە ڕەگی کار

- ئەو کارانەی کۆتایی ڕەگی کارەکەیان پیتەکانی ( ۆ،ە ) بێت ، جێناوی لکاوی ( ات ) بۆ کەسی سێهەمی تاك وەردەگرن ، بەڵام ئەگەر کۆتایی ڕەگی کارەکە هەر پیتێکی تر بێت ( ێت ) وەکوو جێناوی لکاوی کەسی سێهەی تاك وەردەگرێت .

نموونە {دە+خۆ+ات= دەخوات ، لێرەدا بزوێنی ( ۆ ) نامێنێت ، چونکە لە زمانی کوردیدا ناکرێ دوو دزوێن بەدوای یەکتریدا بێن .

دە+کە+ات =دەکات، لێرەشدا بەهەمان شێوە پێویستە( ە )ی ڕەگی کاری ( کە )لابچێت، بۆ ئەوەی دوو بزوێن نەکەونە تەنیشت یەکتر }

نموونە {دە+چ+ێت=دەچێت / دە + فرۆش+ێت=دەفرۆشێت / دە+کڕ+ێت=دەکڕێت }

تێبینی / هەر پێنج ڕێژەکانی شێوازی ڕاگەیاندن ، دەکرێ لەشێوەی کاری بکەرنادیاردا بەکاربهێنرێن ، لە دەمی ڕابردوو ڕانەبردوودا

یاسای کاری بکەر نادیار / بۆ ڕابردوو ﴿ڕەگی کار + را ﴾ بۆ ڕانەبردوو ﴿دە+ڕەگی کار+رێ﴾

نموونە { شکاندن ← شکێنـرا ڕا.نزیك /دەشکێنـرا ڕا.بەردەوام / شکێنرابوو ڕا.دوور / شکێنـراوە ڕا.تەواو / دەشکێنرێ ـــــ ڕانەبردوو }

## نەرێ کردنی ڕێژەکانی شێوازی ڕاگەیاندن

أ- هەموو ڕێژەکانی دەمی ڕابردووی ڕاگەیاندن بە نیشانەی ( نە )نەرێ دەکرێن .

نموونە { ڕۆیشت ← نەڕۆیشت / ڕۆیشتووە ← نەڕۆیشتووە / دەڕۆیشت ← نەدەڕۆیشت / ڕۆیشتبوو ← نە ڕۆیشتبوو }

ب- ڕێژەی ڕانەبردوو لە شێوازی ڕاگەیاندندا بە نیشانەی ( نا ) نەرێ دەکرێت، کە ڕاستەوخۆ جێگای ( دە )ی ڕانەبردوو دەگرێتەوە.

نموونە {دەنێرم ← نانێرم / ڕادە پەڕێنم ← ڕانا پەڕێنم / سەردەخەم ← سەرناخەم}

## شێوازی دانانی

بریتییە لەو شێوازەی کار، کە ئەنجامی ڕوودانی کاری ڕستە بە گریمانەو گومان و ئاوا تخواست، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەدات بەدەستەوە .

## ڕێژەکانی شێوازی دانانی

١- ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی / یاساکەی ﴿کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن ( قەدی چاوگ )+بــا﴾

نموونە {ناشت+با=ناشتبا / ڕۆچوو+با=ڕۆچوبا / هەستکرد+با=هەستکردبا}

لێکردنەوە ← لێکرد+با +یــ+ەوە =لێکردبایەوە / دۆزینەوە ← دۆزی+با+یــ+ەوە= دۆزیبایەوە

ناوبەند ناوبەند

٢- ڕێژەی ڕابردوو تەواوی دانانی / یاساکەی ﴿کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن ( قەدی چاوگ )+بـێت﴾

نموونە {کولان ←کولا+بێت=کولابێت / هەڵفرین ← هەڵفری +بێت=هەڵفرییێت / ڕێکخستن ← ڕێکخست+بێت}

٣- ڕێژەی ڕابردووی دووری دانانی / یاساکەی ﴿کاری ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن +بـا﴾

نم { بەزین ←بەزیبوو+با=بەزیبووبا/ڕاخستن ←ڕاخستبوو+با =ڕاخستبووبا/ کەرتکردن ← کەرتکردبوو+با=کەرتکردبووبا

کشانەوە ← کشابوو+با +یــ+ەوە =کشابووبایەوە / خولانەوە ← خولابوو+با+یــ+ەوە= خولابووبایەوە}

ناوبەند ناوبەند

٤- ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی / یاساکەی ﴿بــــ +ڕەگی کار + جێناوی لکاوی ( م، ین، یت، ن، ات ـ ێت ، ن )﴾

نم {نووسین ← ب+نووس+یت =بنووسیت / ڕۆیشتن ← ب+ڕۆ+ین =بڕۆین }

- ئەگەر کارەکە دارێژراو یان لێکدراوبێت نیشانەی ( بـ )ی ڕانەبردووی دانانی دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە .

نم { هەڵچوون ← هەڵ+ب+چ+ێت=هەڵبچێت / ئامادەکردن ← ئامادە+ب+کە+ات=ئامادەبکات }

- هەروەها دەگونجێ لە دارێژراوو لێکدراودا نیشانەی ( بـ ) ی ڕانەبردووی دانانی دەرنەکەوێت .

نم { هەڵچوون ← هەڵ+ب+چ+ێت =هەڵـچێت / ئامادەکردن ← ئامادە+ب+کە+ات =ئامـادەکات }

## چەند تێبینییەك

أ- هەموو کارێکی ڕێژەکانی دانانی کاتێك لە ڕستەدا بەکار دێن ، پێویستە یەکێك لە پەیڤەکانی ئاوا تخواستن یان گومان و ئارەزوو لەگەڵیدا بەکاربهێنرێت.

پەیڤەکان ( وشەکان ) بەگشتی ئەمانەن {خۆزگە ، بریا ،کاشکی ← بۆ ئاوا تخواستن / لەوانەیە ، پێدەچێت ، بۆیهەیە ،ڕەنگە بەڵکو ← بۆ گومان / هەندێك کاری یاریدەدەریش هەن کە لەگەڵ ڕستەی دانانیدا بەکاردێن وەکوو ← دەبێت،دەبوایە ،دەمەوێت ، دەبوو .}

نم/ ١- خۆزگە چووبووبام بۆ سەیران .

٢- کاشکی نەڕۆیشتبام بۆ ئاهەنگەکە .

٣- لەوانەیە ئاوەکەی خواردبێتەوە .

٤- دەبوایە ئامانجم زووتر ناسیبا .

٥- دەمەوێت ماڵەکەم بگوازمەوە.

ب- هەموو کارێکی ڕێژەکانی دانانی بە ئامرازی ( نە )نەری دەکرێت .

نم{کەوتبا ← نەکەوتبا / کەوتبێت ← نەکەوتبێت / کەوتبووبا ← نەکەوتبووبا / بکەوێت ← نەکەوێت }

- له کاری ڕانەبردووی دانانیدا نیشانەی ( نە )ی نەرێ ، جێگای نیشانەی ( بـ ) ی ڕانەردووی دانانی دەگرێتەوە .

نم { بخۆم ← نەخۆم / ڕابوەستم ← ڕانەوەستم / دەستپێبکات ← دەستپێنەکات }

ت- دەکرێ کارەدانانییەکان بە نیشانەکانی کاری دانانی بناسرێنەوە {بـا - بێت - بووبا-ب}

پ- شوێنی جێناوە لکاوەکان لەڕستەکانی کاری دانانیدا

١-ئەگەر کاری ڕستەکە لە دەمی ڕابردووی تێنـەپەڕدا بوو ، جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی ( م ،ین ،یت ،ن ، ، ن )دەبنە بکەرو دەکەونە کۆتایی کارەکە . نم/ خۆزگە ڕۆیشتباین بۆ پارکەکە .

٢- ئەگەر کارەکە لە دەمی ڕابردووی تێپەڕدابوو جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی ( م ،مان ،ت ،تان ،ی ،یان )دەبنە بکەرو دەکەونە کۆتایی بەرکار . نم/ دەبوو چێشتەکەتـان لێنا .

٣- ئەگەر کاری ڕستەکە لە دەمی ڕانەبردوو( تێپەڕو تێنە پەڕ)دا بێت ، جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی ( م ،ین ،یت ،ن ، ات-ێت ،ن )دەبنە بکەرو دەکەونە کۆتایی کارەکە . نم/ ڕەنگە ئەوان نوێنەرێك دیارییکەن . دەبێت بچـێـت بۆ قوتابخانە .

# ڕێژەی کار

بریتییە لە گەردانکردنی کار بە پێی دەم و کەس و ژمارەی کەس ،کە دەکرێ لەهەر کارێك چەند ڕێژەیەکی جیاواز درووست بکەین .

## خشتەی جێناوەلكاوەكان

| كۆمەڵەی یەكەم | | | كۆمەڵەی دووەم | | | كۆمەڵەی سێهەم | | | كۆمەڵەی چوارەم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لەگەڵ كاری ڕابردووی تێپەڕدا دەبنە بكەر | | | لەگەڵ كاری ڕابردووی تێنە پەڕدا دەبنە بكەر | | | لەگەڵ كاری ڕانەبردووی ( تێپەڕو تێنە پەڕ ) دا دەبنە بكەر ( ڕاگەیاندن و دانانی ) | | | لەگەڵ كاری داخوازیدا دەبنە بكەر بەبێ جیاوازی ( تێپەڕو تێنە پەڕ ) | | |
| | تاك | كۆ | | تاك | كۆ | | تاك | كۆ | | تاك | كۆ |
| ١ | م | مان | ١ | م | ین | ١ | م | ین | | | |
| ٢ | ت | تان | ٢ | یت | ن | ٢ | یت | ن | ٢ | ە | ن |
| ٣ | ی | یان | ٣ | ⊗ | ن | ٣ | ات - ێت | ن | | | |
| ساده | فرۆشتم<br>فرۆشتت<br>فرۆشتی | فرۆشتمان<br>فرۆشتتان<br>فرۆشتیان | | هاتم<br>هاتیت<br>هات | هاتین<br>هاتن<br>هاتن | | دەچێنم دەچێنین<br>دەچێنیت دەچێنن<br>دەچێنێت دەچێنن | دەڕۆم دەڕۆین<br>دەڕۆیت دەڕۆن<br>دەڕوات دەڕۆن | | بخوێنە | بخوێنن |
| داڕێژراو | دام خست<br>دات خست<br>دای خست | دامان خست<br>داتان خست<br>دایان خست | | دابەزیم<br>دابەزییت<br>دابەزی | دابەزیین<br>دابەزین<br>دابەزین | | هەڵدەفڕێنم هەڵدەفڕێنین<br>هەڵدەفڕێنیت هەڵدەفڕێنن<br>هەڵدەفڕێنێت هەڵدەفڕێنن | دادەڕوخێم دادەڕوخێین<br>دادەڕوخێیت دادەڕوخێن<br>دادەڕوخێت دادەڕوخێن | | هەڵگرە | هەڵبگرن |
| لێكدراو | بانگم كرد<br>بانگت كرد<br>بانگی كرد | بانگمان كرد<br>بانگتان كرد<br>بانگیان كرد | | سەركەوتم<br>سەركەوتیت<br>سەركەوت | سەركەوتین<br>سەركەوتن<br>سەركەوتن | | پەروەردە دەكەم<br>پەروەردە دەكەیت<br>پەروەردە دەكات<br>*************<br>ڕێك دەكەوم<br>ڕێك دەكەویت<br>ڕێك دەكەوێت | پەروەردە دەكەین<br>پەروەردە دەكەن<br>پەروەردە دەكەن<br><br>ڕێك دەكەوین<br>ڕێك دەكەون<br>ڕێك دەكەون | | سەربكەوە | سەربكەون |

بەسەرنجدان لەم خشتەیەی سەرەوە ،شوێنی جێناوە لكاوەكانمان بۆ دەردەكەوێت ،كە لەكاتی گەردانكردندا دەكەونە چ شوێنێكی كارەكان ؟ بە پێی دەم و كەس و، هێزی كارەكە لەڕووی تێپەڕی و تێنە پەڕییەوە ، بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- كۆمەڵەی یەكەم ( م،مان،ت،تان،ی،یان ) لەگەڵ كاری ڕابردووی تێپەڕدا دەبنە بكەرو

أ- لەسادەدا ، لەڕێژەكانی نزیك و دووردا دەكەونە كۆتایی كارەكە. نم/ فرۆشتمان فرۆشتبوومان .

بەلاَم لە ڕێژەی ڕابردوو( تێپەڕ)ی بەردەوامدا ، دەكەونە دوای نیشانەی ( دە )ی بەردەوامی . نم/ دە تان فرۆشت.

هەروەها لە ڕێژەی ڕابردوو( تێپەڕ)ی تەواودا ، جێناوەلكاوەكانی كۆمەڵەی یەكەم دەبنە بكەرو نیشانەی كاری تەواو ( وە،ووە ) كەرت دەكەن و دەچنە نێوانیەوە ، نم/ دراندن ⟵ دراندووە ⟵ دراند+وو م ە / فرین ⟵ فریـو نــە .

ب- لە كاری ڕابردووی تێپەڕی داڕێژراوو لێكدراودا كۆمەڵەی یەكەم ( م،مان،ت،تان،ی،یان ) دەبنە ( بكەر ) لەڕێژەكانی ( نزیك و دوور و تەواو و بەردەوامدا ) دەكەونە دوای بەشی یەكەمی كار :

| | نزیك | تەواو | بەردەوام | دوور |
|---|---|---|---|---|
| داڕێژراو | دایان خست | دایان خستووە | دایان دەخست | دایان خستبوو |
| لێكدراو | بانگیان كرد | بانگیان كردووە | بانگیان دەكرد | بانگیان كردبوو |

٢- کۆمەڵەی دووەم ( م،ین،یت،ن، ،ن ) لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنـــە پەڕدا دەبنە بکەرو :

أ- لە ڕابردووی تێنە پەڕی ( سادە و داڕێژرا و لێکدراو ) دا لە ڕێژەکانی ( نزیك و بەردەوام و دوور)دا دەبنە ( بکەر)و دەکەونە کۆتـایی کارەکە نم/

| | نزیك | بەردەوام | دوور |
|---|---|---|---|
| سادە | هاتیـن | دەهاتیـن | هاتبوویـن |
| داڕێژراو | هەڵلەرزیـــم | هەڵدەلەرزیـــم | هەڵلەرزیـبووم |
| لێکدراو | سەرکەوتیـت | سەردەکەوتیـت | سەرکەوتبوویـت |

تێبینی / ئێمە بۆ هەر کارێك تەنها یەك جێناوی لکاومان بەکار هێناوە ، تۆ دەتوانیت هەموو جێناوە لکاوەکانی ئەو کۆمەڵەیەی بۆ بەکاربهێنیت .

ب- بەلاّم لە ڕێژەی ڕابردووی ( تێنە پەڕ) تەواو دا لە ( سادە و داڕێژراوو لێکدراو )دا جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم دەبنە ( بکەر) و نیشانەی کاری تەواو کەرت دەکەن و دەچنە نێوانییەوە . نم/

| | تەواو |
|---|---|
| سادە | ڕۆیشتوویـــنـــە |
| داڕێژراو | هەڵفڕیونـــە ــ هاتوونـــەوە |
| لێکدراو | سەکەوتوونـــــە |

٣- لەکاری ڕانەبردووی( تێپەڕو تێنە پەڕ)دا ،کۆمەڵەی ( م ،ین،یت،ن،ات ـ ێت،ن ) دەبنە ( بکەر) و لە ( سادە و داڕێژراوو لێکدراو )دا دەکەونە کۆتـایی کارەکە .نم/

| | ڕانەبردوو |
|---|---|
| سادە | دەچێنین ، دەڕۆین |
| داڕێژراو | هەڵدەفڕێنین ، دادەڕوخێم |
| لێکدراو | پەروەردە دەکات ، ڕێك دەکەوێت |

تێبینی / ئێمە بۆ هەر کارێك تەنها یەك جێناوی لکاومان بەکار هێناوە ، تۆ دەتوانیت هەموو جێناوە لکاوەکانی ئەو کۆمەڵەیەی بۆ بەکاربهێنیت .

٤- کۆمەڵەی چوارەم ( ە ، ن ) ، کە تەنها لەگەڵ کاری داخوازیدا دەبن بە ( بکەر) لە بابەتی ( شێوازی داخوازی ) دا بە درێژی باسی لێوە دەکەین .

## شێوازی ڕێژەی داخوازی

بریتییە لەو ڕێژەیەی کار ، کە قسەکەر داوا لە کەسی دووەمی تاك ، یان کەسی دووەمی کۆ دەکات کە کارێك ئەنجام بدات ، یاخود ئەنجامی نەدات .

**یاسای کاری داخوازی ﴿ بــ + ڕەگی کار + ﴾**
**ن**

## چەند تێبینییەك

-١ لە کاری داخوازیدا تەنها دوو جێناوی لکاو دەبنە ( بکەر ) ، ئەوانیش ( ە ) بۆ کەسی دووەمی تـاك و ( ن ) بۆکەسی دووەمی کۆ،کە دەچنە کۆتایی ڕەگی کار.

نم/ ناردن ← ب+نێر +ە= بنێرە / ب+نێر +ە= بنێرن .

-٢ لە ڕێژەکانی کاری داخوازی ( داڕێژراوو لێکدراو )دا ،دەگونجێ نیشانەی ( بــ )ی کاری داخوازی دەرنەکەوێت ، بەلاَم واجوانترە لە کاتی نووسیندا دەربکەوێت .

| | |
|---|---|
| داڕێژراو | دابــڕێژە (ن) ← داڕێژە (ن) |
| لێکدراو | دەنگ بــدە(ن) ← دەنگدە(ن) |

ڕستە/ -١ حەوشەکە دابڕێژە.
٢ - ئەمساڵ دەنگ بدە .

-٣ کاری داخوازی ( سادە ، داڕێژراو ، لێکدراو ) بە ئامرازی ( مە )نەرێ دەکرێت ، کە لە جێگای نیشانەی ( بــ ) ی داخوازی دادەنرێت. واتا نیشانەی ( بــ ) لادەچێت و ئامرازی ( مە ) جێگای دەگرێتەوە . نم/

| | داخوازی ئەرێ | داخوازی نەرێ |
|---|---|---|
| سادە | بــنووسە | مە نووسە |
| داڕێژراو | هەڵبکەنە | هەڵمەکەنە |
| لێکدراو | ئامادەبــکەن | ئامادە مەکەن |

ڕستە :
-١ پەخشانەکە مەنووسە .
-٢ زەوییەکە هەڵمەکەنە.
٣ – خۆت ئامادەمەکە .

-٤ ئەو کارانەی کۆتایی ڕەگی کارەکانیان پیتە بزوێنەکانی ( ە ،یێ، ۆ )یە کاتێك کاری داخوازییان لێدرووست دەکەین ، جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك واتا ( ە ) دەرناکەوێت .نم/

| | چاوگ | کاری داخوازی ( ٢تاك ) |
|---|---|---|
| ە | کردن ، خستن | ب+کە+ە*=بکە ، ب+خە +ە* = بخە |
| ۆ | خواردن | ب+خۆ+ە* = بخۆ |
| ێ | دانان | دا بــ+نێ+ە* =دابنێ |

-٥ أ- لەو چاوگە داڕێژراوانەدا کە کۆتاییان بە پاشگری ( ەوە ) هاتووە ، کاتێك جێناوی لکاوی ( ە ) بۆ کەسی دووەمی تاك لەدەوری ( بکەر ـ کارا )دا وەردەگرن و کۆتایی ڕەگی کارەکەیان پیتەبزوێنەکانی ( ە،ۆ،ێ ) یە ، پێویستە ( ر )ی ناوبەند بچێتە نێوان ڕەگی کارەکەو پاشگری ( ەوە ).

| | چاوگ | کاری داخوازی کاتێك ناوبەندی ( ر )وەردەگرێ |
|---|---|---|
| ە | کردنەوە | ب+کە+ر+ەوە=بکەرەوە |
| ۆ | خواردن | ب+خۆ+ر+ەوە = بخۆرەوە |
| ێ | وتنەوە(شازە) | ب+ڵێ+ر+ەوە=بڵێرەوە |

ڕستە /
دەرگاکە بکەرەوە .
شیرەکە بخۆرەوە.
شعرەکە بڵێرەوە.

ب- بەلاَم ئەگەر چاوگە داڕێژراوەکە کۆتایی ڕەگی کارەکەی پیتێکی ( نەبزوێن ) بوو ئەوا ناوبەندی ( ر ) دەکەوێتە نێوان جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك ( ە ) و پاشگری ( ەوە ) نم/

| چاوگ | کاری داخوازی کاتێك ناوبەندی ( ر )وەردەگرێ |
|---|---|

| | |
|---|---|
| خوێندنەوە | ب+خوێن+ە+ر+ەوە= بخوێنەرەوە |
| هێنانەوە | ب+هێن+ە+ر+ەوە = بهێنەرەوە |

ڕستە/
١- چیرۆکەکە بخوێنەرەوە.
٢- نامەکە بهێنەرەوە.

٦- هەندێك چاوگ هەیە ، کاتێك کاری داخوازییان لێ درووست دەکرێت لە دەستوور لادەدەن ، بەتایبەت کاتێك جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك( ە ) وەردەگرن . نم/

| | چاوگ | کاری داخوازی (شاز)ەکان | |
|---|---|---|---|
| ١ | وتن ـ گوتن | ڕەگی کارەکەی دەبێتە (لێ) ، کە لە شێوەدا جیاوازە لە چاوگەکە، کارە داخوازییەکەش دەبێتە / بـــ +لێ +( ە )[دەرناکەوێ]+ر+ەوە= بلێرەوە | قسەکە بلێ. |
| ٢ | چوون | ب+چ+ە =بچۆ / لێرەدا هەرچەندە کۆتایی ڕەگی کار پیتێکی نەبزوێنە، بەلاَم جێناوی دووەمی تاك بەبێ هۆکار گۆڕراوە بۆ ( ۆ ) | بچۆ بۆ پێشانگاکە. |
| ٣ | هاتن | ب+ێ+ە=بێ / بەلاَم لەدیالێکتی کرمانجی خواروودا کاری داخوازی هاتن لەشێوەی ( وەرە )دا دەردەکەوێت . | وەرە بۆ سەربان. |

## شێوازی مەرجی
## ( ڕستەی ئاوێتەی مەرجی )

بریتییە لەو شێوازەی کە لە ڕستەدا ڕوودانی کارێك مەرجە بۆ ڕوودانی کارێکی تر ،ئەوکاتە بە ڕێژەو ناوەڕۆکی ئەو کارانە دەگوترێ ( کاری ڕستەی ئاوێتەی مەرجی ). و بە ڕستەکەش دەگوترێ ( ڕستەی ئاوێتەی مەرجی ) .

١- ئەگەر باران ببارێت ، زەوی دەبوژێتەوە .

٢- کەی دەرچوویت، خەڵاتێکت بۆ دەکرم .

## چەندتێبینییەك

١- لە شێوازی مەرجیدا ، ڕستەیەکی ئاوێتەی مەرجمان هەیە ، کە لەدوو ڕستەی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتووەو، بۆ مەبەستی درووستکردنی ڕستەی ئاوێتە خراونەتە چوارچێوەی یەك ڕستەوە ، بە یەکەمیان دەوترێ ( ڕستەی کاری مەرج ) و بە دووەمیان دەگوترێ ( ڕستەی وەڵامی مەرج )

نم/ کەی بەهار هات ، دەچین بۆ سەیران .
١ ( ڕستەی کاری مەرج ) ٢ ( ڕستەی وەڵامی مەرج )

٢_ لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجیدا ، پێویستە ( ئامرازی لێکدەری مەرج ) هەبێت ، کە هەمیشە لەگەڵ بەشی ( ڕستەی کاری مەرجی )دا دێت و بەشێوەیەکی گشتی ئەمانەن:

( ئەگەر ، هەتا ، کەی ، تا ، هەکە ،کە .......هتد ).

نم/ ١- هەتا کورد یەکنەگرێت ، ناگات بە ئامانج . ٢- هەکە ئەز بچم بۆ دهۆکی ، دێ تە ژی دگەل خۆ ببەم.

٣- ڕستەی ئاوێتەی مەرجی دوو ( کار )ی هەیە

أ- کاری ڕستەی کاری مەرج / لەڕستەدا دەبێت لە پێشەوە ئەم کارەیان ڕووبدات ، پاشان کاری وەڵامی مەرج ڕوودەدات ، واتا ڕوودانی کاری ڕستەی کاری مەرج ، بووە بە مەرج بۆئەوەی کاری وەڵامی مەرجیش ڕووبدات .

ب- کاری ڕستەی وەڵامی مەرج / لەدوای ڕوودانی کاری ڕستەی کاری مەرجەوە ،ئینجا کاری ڕستەی وەڵامی مەرجیش ڕوودەدات . واتا ڕوودانی ئەم کارە بەستراوەتەوە بە ڕوودانی کاری ڕستەی کاری مەرجەوە .

نم/ ١- کە پایز ***هات*** ، گەڵا ***دەوەرێ*** . ٢- ئەگەر زوو ***ڕۆیشتبای***، زوو ***دەگەیشتی***.
کاری ڕستەی کاری مەرج کاری ڕستەی وەڵامی مەرج کاری ڕستەی کاری مەرج کاری ڕستەی وەڵامی مەرج

وەك لە ڕستەکانی سەرەوە دەبینین ،هەتا پایز نەیات گەڵا ناوەرێ ،واتا دەبێ یەکە مجار پایز بێت ، پاشان گەڵاوەرین دەستپێدەکات ، یان لەڕستەی دووەمدا مەرجی زوو گەیشتنەکە ، ڕوودانی زوو ڕۆیشتنەکەیە ، واتا هەتا زوو ( **ڕۆیشتبای** ) ڕوونەدات ، زوو ( **دەگەیشتی** )ڕوونادات.

٤- کاری ڕستەی کاری مەرج دەبێت لە ڕێژەکانی شێوازی ( **ڕاگەیاندن** یـــان **دانانی** ) دابێت و ( کاری ڕستەی وەڵامی مەرجی )ش لە ڕێژەکانی شێوازی ( **ڕاگەیاندن** یـــان **داخوازی** )دا بێت :

نم/ ١- کەی وانەکەمان خوێند ، کتێبەکەت بۆ دەهێنمەوە . ٢- ئەگەر ***هاتی*** ، تەنیا ***وەرە***
ڕاگەیاندن ڕاگەیاندن ڕاگەیاندن داخوازی

٣ - هەتا ڕەنج **نەکێشیت** ، گەنج **ناتۆشیت** . ٤- هەتا نان **نەخۆیت**، جلەکان **مەشۆ** .
دانانی ڕاگەیاندن دانانی داخوازی

٥- گرنگ نییە ڕێژەکان ڕابردوون یان ڕانەبردوو ،( نەرێ ) ن یان ( نەرێ )

٦- بەشێوەیەکی گشتی ڕستەی کاری مەرج دەکەوێتە سەرەتاوەو ، پاشان ڕستەی وەڵامی مەرج دێت ، بەڵام ئەمە نابێتە مەرج و زۆر جار پێچەوانە دەبێتەوە ، واتا ئاساییە ئەگەر ڕستەی وەڵامی مەرجیش بکەوێتە پێش ڕستەی کاری مەرج.

نم/١- دەچین بۆ سەیران ، کە بەهار هات . ٢- گە نمەکە بچێنە ، ئەگەر پەڵەی دا .

٧- لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجیدا کار هیچ ڕێژەو یاسایەکی تایبەت بەخۆی نییە بەڵکو سوود لە ڕێژەکانی ( ڕاگەیاندن و دانانی و داخوازی ) دەبینێت بۆ درووستکردنی ( ڕستەی ئاوێتەی مەرجی ).

## کاری چاوگی بوون

### چەند تێبینییەك :

١- لەگەڵ کاری تەواوی تێپەڕدا بۆ ( منداڵبوون ) ناکرێ بڵێن ( لەدایکبوون ) چونکە لەوانەیە سەرتان لێ تێکبچێت و بڵێن ( منداڵەکە لەدایکبوو). کە ئەوەش ڕستەکە دەکات بە تەواوی تێنە پەڕ.

٢-یەکێك لە تایبە تمەندییەکانی چاوگی بوون ئەوەیە کە جگە لە دەمی ڕابردوو ڕانەبردوو، دەمی ئێستاشی هەیە ( بوو، ە ،دەبێت ).
٣- بۆ منداڵ بوون دەمی ئێستامان نییە .( نازدار منداڵی بوو ، نازدار منداڵی دەبێت ).
٤- تەواوی تێنە پەڕ لە ڕستەکەدا ( بەرکار ) نییە . کارەکانی ( هەڵبوو ، تەواوبوو ) بە تەنها توانیویانە واتای کاری ڕستەکە تەواو بکەن و لە چاوگی ئەم کارە تەواوانە وەرگیراون ( هەڵبوون ، تەواوبوون ) بەشێوەیەکی گشتی پێشگر کە چووە سەر ئەم کارانە کارەکە دەکەن بە ( کاری تەواوی تێنە پەڕی داڕێژراو )
٥- کاری یاریدەدەر دەکەوێتە پێش کاری سەرەکی و ، کاری سەرەکیش لە شێوازی دانانی دایە ، مەرجە کاری سەرەکی و یاریدەدەرش هەبێت لە ڕستەکەدا .
٦- ئەگەر کارەکانی (ە،بوو ، دەبێت ) نەیانتوانی بەتەنها واتای کاری ڕستەکە تەواوبکەن و پێویستییان بە یەکێك لەم بەشانە هەبوو ( هاوەڵناو ، ناو هاوەڵکار ، جێناو ، چاوگ ) ئەوکاتە بەم کارانە دەگوترێ کاری ناتەواو .
٧- کاری (ە،بوو،دەبێت ) بەم شێوەیە ( نەرێ ) دەکرێت .
أ- (ە) بــە نیشانەی (نی )نەرێ دەکرێ . نم/ پارەم هەیە. ←پارەم نیـیە ./ کارێکی باشە ← کارێکی باش نیـیە.
ب- (بوو) بە نیشانەی (نە) نەرێ دەکرێ . نم/ وتارێکی بەهێزبـوو. ← وتارێکی بەهێزنەبوو.
ت- (دەبێت)بە نیشانەی (نا) نەرێ دەکرێت. نم/ ئاوەکە سارد دەبێت . ← ئاوەکە سارد نابێت.
٨- کاری (ە،بوو،دەبێت ) کاری بکەر نادیاری لێدرووست نابێت، واتا (را،رێ) وەرناگرن.
٩- (ە)ی کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا ، لەڕستەدا دەرناکەوێت ،ئەگەر جێناوەلکاوەکەی کۆمەڵەی دووەم دیاروئاشکرابێت ، واتا تەنها لەگەڵ کەسی سێهەمی تاکدا دەردەکەوێت، چونکە جێناوەلکاوەکەی دەرنەکەوتووە. نم/ من زیرەکـم . ئێمە زیرەکـین. تۆ زیرەکـیت. ئێوە زیرەکـن. ئەو زیرەکـــە. ئەوان زیرەکـن.
١٠- کاری ناتەواو لەڕووی هێز و کاریگەرییەوە ( تێنە پەڕ)ە و کۆمەڵەی دووەمی جێناوەلکاوەکان وەکوو بکەر وەردەگرێت .
١١- تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو دەکەوێتە نێوان ئامرازێکی پەیوەندی و کارێکی ناتەواو .

## ئەرکەکانی (ە) لە ڕێزمانی کوردیدا

١- (ە)دەبێتە کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا ،لە ڕستەی سادەدا، ئەگەر کاری سەرەکی لەڕستەکەدا نەبوو.
لە ڕستەدا بەوە دەناسرێتەوە کە دەگونجێ بگۆڕرێ بۆ دەمەکانی تری کاری ناتەواو واتا ڕابردوو داهاتوو ( بوو،دەبێت ).
نم/ ١- هیوا زیـــرەکـــە . ٢- هەڵگورد لوتکە چیایەکی بەرزە. ٣- ئۆتۆمبێلێکی جـوانە.
٢- (ە)دەبییێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك لە کاری داخوازیدا ،ئەرکی بکەر دەبینێت ،
لەڕستەدا بەوە دەناسرێتەوە کە هەمیشە بەو کارانەوە لکاوە،کە بەپیاسای کاری داخوازی درووست بوون ( ب+ڕەگی کار+جلکاوی ك٤ )

نم/ ١- وێنەیەکمان بگرە . ٢- کۆترەکە هەڵمەفڕێنـــە . ٣- بەسەر شاخەکەدا سەربکەوە.

٣- دەبێتە ئامرازی پەیوەندی و دەلکێت بە کاری ڕابردوو ڕانەبردوو داخوازییەوە ، جێگای هەر یەك لە ئامرازە پەیوەندییەکانی (بە ، بۆ ، لە ) دەگرێتەوە .

نم/ ١- سروە دەبێت بە ئەندازیار ← سروە دەبێتـــە ئەندازیار.

٢- شاخەوانەکە چوو بۆ سەر شاخەکە. ← شاخەوانەکە چووە سەر شاخەکە. / بڕۆنـە دەرەوە بڕۆن بۆ دەرەوە

٣- کچەکە دەڕوانێت لە ئاوێنەکە . ← کچەکە دەڕوانێتـــە ئاوێنەکە.

٤- هەندێجار بەدوای ناودا دێت بۆ مەبەستی بانگکردن ، واتا ( ە ) دەبێتە ئامرازی بانگکردن . دەکرێ بەوە بناسرێتەوە کە ناوەکە ناوێکی تاکی نێرە . ١- بابـــە هاوکاریم بکە . ٢- خاڵـــە دیارییم بۆ هێناویت . ٣- کاکـە میوەکە بخۆ .

٥- ( ە ) دەبێتە جێناوی لکاو بۆکەسی سێهەمی تاك لە کرما نجی ژووروودا ، دەکرێ بڵێین جێگای ( ێت ) ی کۆمەڵەی سێهەم دەگرێتەوە ،

نم/ ١- هێڤی سەردکەڤـــە . ٢- ئەو دچـــە. ٣- هەورین چیرۆکێ دنڤیسـه

٦- ( ە ) دەبێتە پاشگر بەمەبەستی دروستکردنی ( وشەی نوێ )، نم/

چاك ← چاکـە / سەوز ← سەوزە / دەست ← دەستە

٧- ( ە ) دەبێتە ئامرازی پێناسین ( ناساندن )، کورتکراوەی ( ەکە )ی ناساندنە .

نم/ منداڵـــە دەگریا و دایکـــە ڕایدەژاند . / ماڵەکەی بارکردو، خەڵکـــەش هاوکارییان کرد. / ژنـــە هەژار بوو.
(ەکە ەکە ەکە ەکە)

٨- ( ە ) دەبێتە ئامرازی لێکدەر بەمەبەستی دروستکردنی ( وشەی لێکدراو ) ، ئەم وشانە لێکدەدات ﴿ ١- ناو و هاوەڵناو ٢- ناو و ناو ٣- هاوەڵناو و ناو ﴾

نم/ کێوەڕەش - گوڵـــەگەنم - ڕەشـــەبا

٩- ( ە ) دەبێتە پاشگر لەگەڵ هەندێك قەدی چاوگدا بەمەستی دروستکردنی ( هاوەڵناوی کراوی دارێژراو )

نم / کرد ← کردە / کوشت ← کوشتـە / مرد ← مردە / برد ← بردە

١٠- ( ە )دەبێتە ئامرازی دانە پاڵ( خستنەسەر ) و گرێی ناوی درووست دەکات ، ناوەکە بەهاوەڵناوێکی چۆنیەتی دیارخراوەوە ئامرازی ناساندنی ( ەکە ) بەهاوەڵناوەکەوەیە .

نم/ خواردنـــەخۆشەکە / هەنارەترشەکە / مەڕەلاوازەکە

## ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان

### وەکوو ( بکەر )

لە بابەتەکانی پێشوودا باسی جێناوە لکاوەکانمان کرد . ئێستا باسی شوێنی ئەو جێناوەلکاوانە دەکەین لە ڕستەدا . بە پێی تێپەڕو تێنە پەڕی و باسکردنی بەرکارو باسنەکردنی و جۆری کارەکان شوێنی کارەکان ڕستەدا دیاری دەکەین.

١- کۆمەڵەی ( م ، مان، ت، تان، ی، یان )

لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێپەڕ ) دا ئەم کۆمەڵەیە دەبنە ( بکەر ) و ئەگەر ( بەرکار ) باسکرابوو لەڕستەکەدا دەکەونە کۆتایی بەرکار، لە ( سادە و دارێژراوو لێکدراو)دا .

نم/

| کاری ڕا.تێپەڕی سادە | کاری ڕا.تێپەڕی داڕێژراو | کاری ڕا.تێپەڕی لێکدراو |
|---|---|---|
| ڕۆمانەکەی نووسی. | ئالآکەیان هەڵکرد . | ماڵەکەمان بارکرد. |

بەلآم ئەگەر بەرکار باس نەکرابوو بەم شێوەیە دەردەکەون :

أ- لەکاری ( ڕابردووی تێپەڕی سادە ) لە ڕێژەکانی ( نزیك و دوور)دا ئەگەر لەڕستەکەدا بەرکار باس نەکرابوو کـ ١ جێناوە لکاوەکان دەبنە بکەر و دەکەونە کۆتایی کارە سادەکە خانووەکە م فرۆشت . ←— فرۆشتم. / کڕیـــبووومان / خواردبووومان
بەرکار بکەر بکەر بکەر بکەر

- بەلآم هەر لە کاری ( ڕابردووی تێپەڕی سادە )لەڕێژەی ( تەواو ) دا،کە بەرکار باس نەکرابوو ، ( کـ١ ) نیشانەی کاری تەواو کەرت دەکەن و دەچنە نێوانیەوە . نم/ بردووتـانـە. / هێناویـانـە
- هەروەها ئەگەر کارە ( ڕابردوو تێپەڕە سادە )کە ، لە ڕێژەی ( بەردەوام )دابێت ، ( کـ١ ) لەدەوری ( بکەر ) دا دەچنە دوای نیشانەی ( دە )ی ڕابردووی بەردەوام . نم/ دەمان خوێند / دەیان فرۆشت.
- لە هەموو ڕێژەکانی کاری ڕابردووی سادەدا کاتێك کارەکە ( نەرێ ) دەکرێ جێناوە لکاوەکانی ( کـ١ ) دەچنە سەر نیشانەی ( نە )ی نەرێ . نم/

| ( نەرێ )ی کاری ڕا.تێپەڕی سادە |
|---|
| نەیان کرد / نەیان کردبوو/ نەیان دەکرد/ نەیان کردووە |

ب- لەکاری ڕابردووی تێپەڕی ( داڕێژراو و لێکدراو ) لە هەموو ڕێژەکانی ڕابردوودا، ئەگەر لەڕستەکەدا بەرکار باس نەکرابوو (کـ ١ )جێناوە لکاوەکان دەبنە بکەر و دەکەونە کۆتایی بەشی یەکەمی کارەکە.

| کاری ڕا.تێپەڕی داڕێژراو | کاری ڕا.تێپەڕی لێکدراو |
|---|---|
| هەڵـیان کرد / هەڵـیان کردبوو/ هەڵـیان دەکرد/ هەڵـیان کردووە | بارمان کرد/ بارمان کردبوو/ بارمان دەکرد/ بارمان کردووە |

٢ - کۆمەڵەی ( م ، ین، یت، ن، ⊗، ن ) / کە بە کۆمەڵەی دووەم ناسراوە ، لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێنە پەڕ )ی ( سادە داڕێژراو لێکدراو )دا دەبنە ( بکەر ) و لە ڕێژەکانی ( نزیك ، دوور ، بەردەوام )لە ( ئەرێ و نـەرێ ) دا دەکەونە کۆتایی کارەکە.

| | نزیك | بەردەوام | دوور |
|---|---|---|---|
| سادە | ( نە ) هاتیـن | ( نە ) دەهاتیـن | ( نە ) هاتبوویـن |
| داڕێژراو | ( نە ) هەڵەرزیـم | ( نە ) هەڵدەلەرزیـم | ( نە ) هەڵەرزیـبووم |
| لێکدراو | ( نە ) سەرکەوتیـت | ( نە ) سەردەکەوتیـت | ( نە ) سەرکەوتبوویـت |

- بەلآم لە ڕێژەی ( تەواو )دا لە ( سادە و داڕێژراوو لێکدراو ) دا نیشانەی کاری تەواو کەرت دەکات و دەچێتە نێوانییەوە .

| | تەواو |
|---|---|
| سادە | هاتوویـنە |
| داڕێژراو | هەڵـەرزیومە |
| لێکدراو | سەرکەوتوویـتە |

- جێناوی لکاوی کەسی سێهەمی تاك لە ( کـ٢ ) کاتێك لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنە پەڕدا دەبنە ( بکەر ) دەرناکەوێت .

نم/ ئەو ڕۆیشت×. ئەو دانیشت× . ئەو سەرکەوت×.

٣- کۆمەڵەی ((م ،ین،یت،ن، ات ـ ێت ،ن )) / ئەگەر کاری ڕستەکە (ڕانەبردوو )بێت ، بە ( تێپەڕو تێنە پەڕ)ەوە ، جێناوە لکاوەکانی (کـ ٣ ) دەبنە( بکەر ) لە ( سادە و داڕێژرا و لێکدراو ) دەکەونە ( کۆتایی ڕەگی کار )

| | ڕانەبردووی تێپەڕ | | ڕانەبردووی تێنە پەڕ | |
|---|---|---|---|---|
| سادە | دەگوشم | دەگوشین | دەنووم | دەنووین |
| | دەگوشیت | دەگوشن | دەنوویت | دەنوون |
| | دەگوشێت | دەگوشن | دەنووێت | دەنوون |
| داڕێژراو | هەڵدەبژێرم | هەڵدەبژێر ین | وەردەگەڕێم | وەردەگەڕێین |
| | هەڵدەبژێریت | هەڵدەبژێرن | وەردەگەڕێیت | وەردەگەڕێن |
| | هەڵدەبژێرێت | هەڵدەبژێرن | وەردەگەڕێت | وەردەگەڕێن |
| لێکدراو | ئامادە دەکەم | ئامادە دەکەین | ڕێك دەوەستم | ڕێك دەوەستین |
| | ئامادە دەکەیت | ئامادە دەکەن | ڕێك دە وەستیت | ڕێك دەوەستن |
| | ئامادە دەکات | ئامادە دەکەن | ڕێك دەوەستێت | ڕێك دەوەستن |

٤- کۆمەڵەی (ە، ن ) / ئەم کۆمەڵەیە تەنها لە دوو جێناوی لکاو پێکدێت ئەوانیش کەسی دووەمی تـاك و کەسی دووەمی کۆیە ، کە تەنها لەگەڵ کاری شێوازی داخوازیدا دەبنە بکەر و دەکەونە کۆتـایی ڕەگی کار لەکاری ( سادە و داڕێژراو و لێکدراو)دا بە ( تێپەڕو تێنە پەڕ)ەوە.

| | داخوازی تێپەڕ | | داخوازی تێنە پەڕ | |
|---|---|---|---|---|
| سادە | بکرە | بکرن | ببەزە | ببەزن |
| داڕێژراو | هەڵبکەنـە | هەڵبکەنـن | دابنیشـە | دابنیشـن |
| لێکدراو | دەستبگرە | دەستبگرن | ڕێك بوەستـە | ڕێك بوەستـن |

## ئەرکی جێنـاوە کەسییە لکاوەکان

### دووەم/ وەکوو ( بەرکار)

- لەبابەتی جێناوی لکاو لەدەوری (( بەرکار )) دا بەهیچ شێوەیەك باسی ( کاری تێنە پەڕ ) نـاکرێت، چونکە ئەرکی (( بەرکار )) تەنها لەکارە ( تێپەڕ)ەکاندا هەیە ، واتـا ( تێنە پەڕ ) ( بەرکار)وەرنـاگرێ.
- هەموو ئەو کارانەی جێنـاوی لکاو لەدەوری ( بەرکار)دا وەردەگرن ، لەنـاو کارەکەدا دوو جێناوی لکاومان هەیە ، یەکێکیان ( بەرکار)ەو ئەوی تریان بکەرە ، شوێنی ( بەرکار ) لەوکارانەدا بە پێی دەم و کەس دەگۆڕێت .

( کاری داخوازی )/

کۆمەڵەی ( م،مان،ت،تان،ی،یان ) /لەگەڵ ئەم کارانەدا دەبنە ( بەرکار):

(    )

١. لە کۆمەڵەی یەکەم جێناوە لکاوەکانی ( م، مان ، ی ، یان ) لەگەڵ کاری داخوازی ( سادە )دا دەبنە (بەرکار)و دەکەونە دوای نیشانەی (بـــ ) ی داخوازی.

| داخوازی سادە | |
|---|---|
| بـــمـــبینــە | بـمان بینە |
| بـی بینـە | بیان بینە |

٢. بەلام لەکاری داخوازی (داڕێژرا و لێکدراو)دا ، جێناوە لکاوەکانی ( م، مان ، ی ، یان ) دەبنە(بەرکار)و دەکەونە دوای بەشی یەکەمی کارەکە

| داخوازی داڕێژراو | | داخوازی لێکدراو | |
|---|---|---|---|
| هەڵـم بگرن | هەڵـمان بگرن | فێرمبکەن | فێرمان بکەن |
| هەڵـی بگرن | هەڵـیان بگرن | فێری بکەن | فێریان بکەن |

- لەگەڵ کاری داخوازیدا جێناوە لکاوەکانی ( ت ، تان ) لەکۆمەڵەی یەکەم ، نابنە ( بەرکار )

**کاری ڕانەبردوو/**

١- لەکاری ڕانەبردووی ( سادە )دا ، کۆمەڵەی ( م،مان،ت،تان،ی،یان ) دەبنە(بەرکار)و دەکەونە دوای نیشانەی ( دە ) ی ڕانەبردوو

| کاری ڕانەبردووی سادە | |
|---|---|
| دەم ترسێنێت | دەمان ترسێنێت |
| دەت ترسێنێت | دەتان ترسێنێت |
| دەی بگرن | دەیان بگرن |

٢- لەکاری ڕانەبردووی ( داڕێژراو لێکدراو)دا،کۆمەڵەی ( م،مان،ت،تان،ی،یان ) دەبنە(بەرکار)و دەکەونە دوای بەشی یەکەمی کارەکە .

| ڕانەبردووی داڕێژراو | | ڕانەبردووی لێکدراو | |
|---|---|---|---|
| دام دەگرێت | دامان دەگرێت | پەروەردەم دەکات | پەروەردەمان دەکات |
| دات دەگرێت | داتان دەگرێت | پەروەردەت دەکات | پەروەردەتان دەکات |
| دای دەگرێت | دایان دەگرێت | پەروەردەی دەکات | پەروەردەیان دەکات |

**کاری ڕابردوو/** لەگەڵ کاری ڕابردوودا دوو کۆمەڵەی جێناوە لکاوەکان دەبن بە (بەرکار):

١- کۆمەڵەی ( م،مان،ت،تان،ی،یان ) / لەگەڵ کاری ڕابردووی ( سادە ) دا دەبنە (بەرکار) و دەچنە نێوان کاری سادەو جێناوی لکاوی بکەر .

| کاری ڕابردووی سادە (کــ١) | |
|---|---|
| گرتــمــی | گرتــمانی |
| گرتــتی | گرتــتانی |
| گرتــ ی | گرتــیانی |

- جێناوی لکاوی کەسی سێهەی تاك لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا لە ( سادە و داڕێژراو لێکدراو )دا لە دەوری (بەرکار)دا دەرناکەوێت. ( لە هەردوو کۆمەڵەکەدا ( نم / گرتـــ ی ← ئەو ئەوی گرت. واتا ئەو جێناوە لکاوەی

بکەر

دەرکەوتووە ( بکەر)ە ، نەك بەرکار.

کۆمەڵەی ( م،مان،ت،تان،ی،یان ) / لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕی ( داڕێژراوو لێکدراو ) دا دەبنە (بەرکار) و دەکەونە سەر بەشی یەکەمی کارەکە.

| کاری ڕابردووی داڕێژراو (١ـ ک) | | کاری ڕابردووی لێکدراو (١ـ ک) | |
|---|---|---|---|
| ڕامی هێنا | ڕامانی هێنا | سەرمی خست | سەرمانی خست |
| ڕاتی هێنا | ڕاتانی هێنا | سەرتی خست | سەرتانی خست |
| ڕا ی هێنا | ڕایانی هێنا | سەر ی خست | سەرتانی خست |

٢- کۆمەڵەی ( م،ین،یت،ن، ⊗ ،ن ) / ئەم کۆمەڵەیە تەنها لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێپەڕ)دا دەبێتە(بەرکار)بەم شێوەیە :

أ- لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێپەڕ) ی ( سادە ) دا کۆمەڵەی ( م،ین،یت،ن، ⊗ ،ن ) دەبن بە (بەرکار) و،ئەگەر جێناوی لکاوی ( بکەر) کەسی سێهەمی تاك بوو ئەوا (بەرکار) پێش ( بکەر) دەکوێت.

بەلاَم ئەگەر جێناوی لکاوی ( بکەر) کەسی سێهەمی تاك نەبێت ،واتا ( بکەر) هەریەك لەکەسەکانی تربێت، ئەوا ( بکەر)پێش بەرکار دەکەوێت .کەواتە بۆ دانانی شوێنی جێناوی لکاوی ( بەرکار) پێویستە سەیری جێناوە لکاوە ( بکەر) مکە بکەین.

| کاری ڕابردووی سادە (٢ـ ک)<br>جێ/لکاوی بکەر ( ی ) | | کاری ڕابردووی سادە (٢ـ ک)<br>جێ/لکاوی بکەر ( م،مان،ت،تان،یان ) | |
|---|---|---|---|
| گرتمی | گرتینی | گرتمیت | گرتمانیت |
| گرتیتی | گرتنی | گرتتن | گرتتانن |
| گرتی | گرتنی | | گرتیانیت |
| تێبینی / هێڵ بەژێرداهاتووەکان ( بکەر) ن و ڕەنگکراوەکان ( بەرکار)ن. | | تێبینی / هێڵ بەژێرداهاتووەکان ( بکەر) ن و ڕەنگکراوەکان ( بەرکار)ن . | |

ب- لەکاری ( ڕابردووی تێپەڕ ) ی ( داڕێژراوو لێکدراو )دا کاتێك کۆمەڵەی ( م،ین،یت،ن، ⊗ ،ن )دەبنە بکەر ،دەکەونە کۆتایی کارەکە .

| کاری ڕابردووی داڕێژراو (٢ـ ک) | | کاری ڕابردووی لێکدراو (٢ـ ک) | |
|---|---|---|---|
| دای مەزراندم | دای مەزراندین | بانگت کردم | بانگت کردین |
| دای مەزراندیت | دای مەزراندن | بانگت کردیت | بانگت کردن |
| دای مەزراند | دای مەزراندن | بانگت کرد | بانگت کردن |
| تێبینی / جێناوی لکاوی ( بکەر ) کەوتۆتە دوای بەشی یەکەی کار ، هەر جێناوێکی لکاو ی ( بکەر)بەکاربهێنین وەکویەکە و کار ناکاتە سەر جێناوی لکاوی ( بەرکار ).لێرەدا تەنها ( ی ، ت ) وەکوو ( بکەر )بەکارهاتووە. | | | |

ت- لە کرمانجی ژووروا ، جێناولکاوەکانی کۆمەڵەی ( م،ین،یت،ن، ⊗ ،ن ) لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێپەڕ)دادەبنە ( بەرکار)، و دەکەونە دوای کارەکە ، بەمەرجێ جێناوە سەربەخۆکەی بەرامبەریان لەگەڵدا هاتبێت لە ڕستەکەدا .

| | |
|---|---|
| ئازادی ئەز گرتـــم | ئازادی ئەم گرتـــین |

| | |
|---|---|
| ئازادی تەگرتـــیت | ئازادی هوین گرتـــن |

| | |
|---|---|
| ئازادی ئەو گرتــ | ئازادی ئەو گرتـــن |

## ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان

### سێهەم/ وەکوو ( تەواوکەری بەیاریدە )

- جێناوە لکاوەکان ، کاتێك دەبنە ( تەواوکەری بەیاریدە ) ، پێویستە لەو کارەدا ( ئامرازێکی پەیوەندی ) هەبێت ، چونکە ئەرکی ( تەواوکەری بەیاریدە ) واتا تەواوکردنی ئەرکەکە بەیاریدەی ئامرێکی پەیوەندی .
- ئامرازە پەیوەندییەکان بەشێوەیەکی گشتی بریتین لەمانە : ﴿ بە ـ بۆ ـ لە ـ تێ ـ پێ ـ لێ ﴾

١- کۆمەڵەی ( م، مان، ت، تان، ی، یان )/

أ- ( تێنە پەڕەکان )کۆمەڵەی( م، مان، ت، تان، ی، یان )لەگەڵ کاری ( تێنە پەڕ)ی ( ڕابردوو ڕانەبردوو )( سادە، داڕێژراو، لێکدراو ) دەبنە ( تەواوکەری بەیاریدە )ئەگەر لەڕستەکەدا ( بکەر )باسکرابوو دەکەونە دوای بکەر، ئەگەر( بکەر )باسنەکرابوو دەکەونە دوای ئامرازی پەیوەندی .

| | ( کاری سادە ) | داڕێژراو | لێکدراو |
|---|---|---|---|
| ڕابردوو | نامەکەم بۆ هات. بۆم هات. | خۆرەکەمان لێ هەڵهات. لێمان هەڵهات. | بارەکەت بۆ سەرکەوت ؟ بۆت سەرکەوت. |
| ڕانەبردوو | پارەکەت لێ دەکەوێت. لێت دەکەوێت. | ڕاستییەکەمان بۆ دەردەکەوێت. بۆمان دەردەکەوێت. | بارەکەت بۆ سەردەکەوێت؟ بۆت سەردەکەوێت ؟ |

تێبینی/ دەگونجێ هەموو جێناوەلکاوەکانی تر بەکاربهێنین.

ب- بکەرنادیارەکان/ کۆمەڵەی ( م،مان،ت،تان،ی،یان ) لەگەڵ کاری ( بکەرنادیار)ی ( ڕابردوو ڕانەبردوو )ی( سادە ،داڕێژراو ، لێکدراو )ی ، دەبنە ( تەواوکەری بەیاریدە ) و ، ئەگەر لەڕستەکەدا ( جێگری بکەر ) باسکرابوو دەکەونە دوای جێگری بکەر ، بەلاّم ئەگەر ( جێگری بکەر ) باسنەکرابوو دەکەونە دوای ئامرازی پەیوەندی .

| | (کاری بکەرنادری سادە) | (کاری بکەرنادری داڕێژراو) | (کاری بکەرنادری لێکدراو) |
|---|---|---|---|
| ڕابردوو | خەلاّتەکەمان بۆ هێنرا. بۆمان هێنرا. | نوێنەرێکتان لێ هەڵبژێررا. لێتان هەڵبژێررا | ناميلكەكەی بۆ چاپكرا. بۆی چاپكرا. |
| ڕانەبردوو | پارەکەت لیٚ دەکەوێت. لێت دەکەوێت. | نوێنەرێکتان لێ هەڵدەبژێررێ. لێتان هەڵدەبژێررێ. | ناميلكەكەی بۆ چاپدەكرێ. بۆی چاپدەكرێ. |

تێبینی/ دەگونجێ هەموو جێناوەلکاوەکانی تر بەکاربهێنین.

ت- ڕانەبردووی تێپەڕ/ کۆمەڵەی ( م،مان،ت،تان،ی،یان ) لەگەڵ کاری ( ڕانەبردووی تێپەڕ)ی ( سادە ،داڕێژراو ، لێکدراو ) ، دەبنە ( تەواوکەری بەیاریدە ) و ، ئەگەر لەڕستەکەدا ( بەرکار ) باسکرابوو دەکەونە دوای بەرکار ، بەلاّم ئەگەر ( بەرکار ) باسنەکرابوو دەکەونە دوای ئامرازی پەیوەندی .

| | ڕانەبردووی تێپەڕ | |
|---|---|---|
| سادە | ئۆتۆمبێلێکمان بۆ دەکرێت . | بۆمان دەکرێت. |
| داڕێژراو | حەوشەکەمان بۆ دادەڕێژێت . | بۆمان دادەڕێژێت. |
| لێکدراو | مامەڵەکەیان بۆ تەواودەکات. | بۆیان تەواودەکات . |

تێبینی/ دەگونجێ هەموو جێناوەلکاوەکانی تر بەکاربهێنین.

پ- ڕابردووی تێپەڕ/ أ- کۆمەڵەی ( م،مان،ت،تان،ی،یان ) لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێپەڕ)ی ( سادە ،داڕێژراو ، لێکدراو ) ، دەبنە ( تەواوکەری بەیاریدە ) و ، لەڕستەدا دەکەونە دوای ( ئامرازێکی پەیوەندی ) ئەگەر ( بەرکار) باسکرابێت یاخود باس نەکرابێت. دەکەونە دوای بەرکار .بەلاّم کاتێك بەرکار باسنەکراوە ،جێناوی لکاوی بکەر دەچێتەوە دوای جێناوی لکاوی ( تەواوکەری بەیاریدە ) .

| | ڕابردووی تێپەڕ (کـ ١) | |
|---|---|---|
| سادە | کتێبەکانی بۆمان کڕی . | بۆمانــی کڕی .<br>ت.بەیاریدە بکەر |
| داڕێژراو | لـەمەکەی بۆمان هەڵڕشت. | بۆمانـــــی هەڵڕشت.<br>ت.بەیاریدە بکەر |
| لێکدراو | پرسیارەکانی بۆم چاپکرد. | بۆمـــــی چاپکرد .<br>ت.بەیاریدە بکەر |

تێبینی / جاری وا هەیە لەکاتی ئاخاوتندا ئامرازە پەیوەندییەکە بە جێناوە لکاوەکەوە لەدەوری ( تەواوکەری بەیاریدە )دا دەکەونە دوای کاری ڕستەکە.ئەمە کاتێك جێناوی لکاوی ( تەواوکەری بەیاریدە ) لە کـــ ١ بێت.

نموونە/ بەخشیم پێتان . ناردم بۆتان . دەیهێنێت بۆمان .

ب- کۆمەڵەی دووەمی ( م،ین،یت،ن، ⊗ ،ن )/ تەنها لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێپەڕ)دا دەبنە ( تەواوکەری بەیاریدە ) و لە ( سادە ،داڕێژراو ، لێکدراو ) دەکەونە کۆتایی کارەکە ، ئەگەر( بەرکار) باس کرابێت یاخود باس نەکرابێت .

| ڕابردووی تێپەڕ (کـ ٢) | |
|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| سادە | پەرتووکەکەی بۆ هێناین . | بۆی هێناین. ت.بەیاریدە |
| دارێژراو | ڕاسپاردەکەی بۆ هەلگرتم. | بۆی هەلگرتم. ت.بەیاریدە |
| لێکدراو | پرسیارەکانی بۆ چاپکردیت. | بۆی چاپکرد یت. ت.بەیاریدە |

تێبینی /*- ئەوەندەهەیە کاتێك باسناکرێت جێناوەلکاوە ( بکەر )ەکە دەکەوێتە دوای ئامرازە پەیوەندییەکە ، بۆیە دەبێت وریابین و لێمان تێکنەچێت کاتێك کۆمەڵەی دووەم دەبنە ( تەواوکەری بەیاریدە ) ئەو جێناوە لکاوەی دەکەوێتە دوای ئامرازی پەیوەندی ( بکەر )ە نەك ( تەواوکەری بەیاریدە ).وەك لە خشتەکەی سەرەوەدا ڕوون کراوەتەوە .

*- ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت، جێناوی لکاو بۆ کەسی سێهەمی تاك لەدەوری ( تەواوکەری بەیاریدە ) دا دەرناکەوێت.

نم/ پێنووسەکەم لێ شکاند . ( من پێنووسەکەم لە ئەو شکاند ).

پرسیارەکانی بۆمان چاپکرد. ( ئەو پرسیارەکانی بۆ ئێمە چاپکرد ).

بکەرنادیار / لەگەڵ ( کاری بکەرنادیاری ڕابردوو ڕانەبردوو )دا کۆمەڵەی ( م،مان،ت،تان،ی،یان ) دەبنە( تەواوکەری بەیاریدە )و دەچنە دوا ( جێگری بکەر ) ئەگەر ( جێگری بکەر )یش باسنەکرابوو دەچنەوە دوای ( ئامرازی پەیوەندی ).

| | ڕابردووی بکەرنادیار | ڕانەبردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|
| سادە | زەوییەکەیان بۆ فرۆشرا . بۆیان فرۆشرا . | زەوییەکەیان بۆ دە فرۆشرێ . بۆیان دەفرۆشرێ . |
| دارێژراو | وێنەکەمان بۆ هەڵواسرا. بۆمان هەڵواسرا. | وێنەکەمان بۆ هەڵدەواسرێ. بۆمان هەڵدەواسرێ. |
| لێکدراو | پە نجەرەکەتان بۆ دروستکرا. بۆتان دروستکرا. | پە نجەرەکەتان بۆ دروستدەکرێ. بۆتان دروستدەکرێ. |

# هاوەڵناو لەڕووی بنچینەی وشەکانییەوە

## ( لەڕووی ڕۆنان و دروستکردنەوە )

**هاوەڵناو** / ئەو وشەیەیە کە لەڕستەدا وەسفی ناوێك یاخود جێناوێك دەکات ، ( هاوەڵناو ) تەنها دوو ئەرکی ڕێزمانی دەبینێت ، ئەوانیش ١- دیارخەری ناو ٢- تەواوکەری کاری ناتەواو .

### ناسینەوەی هاوەڵناو

١- ( هاوەڵناو ) مەرج نییە تەنها پەسن( وەسف )ێکی باشەی ناوەکان یاخود جێناوەکان بکات لەڕستەدا ، زۆرجا پەسنی لایەنێکی خراپی ناووجێناوەکان دەکات . نم/ خراپ ـ بێکەڵك ـ ناشیرین .... هتد

٢- هەموو ( هاوەڵناو ) ێك ( هاوەڵناو ) ی پێچەوانەی هەیە . نم/ ڕاست × خوار بەرز×نزم زیرەك×تەمبەڵ

٣-هەموو ( ڕەنگ )ێك ( هاوەڵناو )ە ، هەروەها هەموو ( تام ) ێك دەبێتە ( هاوەڵناو ).

٤- دەکرێ ( هاوەڵناو ) بەوە بناسینەوە کە پاشگرەکانی ( پلەی بەراورد و پلەی باڵا ) وەردەگرێت .

نم/ جوان ← جوانتر ← جوانترین / بەهێز ← بەهێزتر ← بەهێزترین

١- هاوەڵناوی سادە ← هاوەڵناوی دارێژراو ، هاوەڵناوی لێکدراو

( )

( هاوەڵناو ) لەڕووی درووستکردن( ڕۆنان )ەوە دوو جۆری سەرەکی هەیە : ٢- هاوەڵناوی ناسادە

١- ( هاوەڵناوی سادە )/ ئەو هاوەڵناوەیە کە لەیەك بەشی واتاداری سادە پێکدێت .نە پێشگری لەگەڵدایەو نە پاشگر ، هەروەها هیچ بەشێکی واتاداری تری لەگەڵدا نییە . نم/ جوان ـ پاك ـ پیس ـ گەرم ـ سارد

٢- ( هاوەڵناوی داڕێژراو )/ هاوەڵناوی داڕێژراو لە بەشێکی واتاداری سادە و پێشگرێك،یان پاشگرێك، یان پێشگرو پاشگر پێکدێت . و لە ( هاوەڵناوی سادە و ناوی سادە و ڕەگی کار و قەدی چاوگ ) درووست دەبێت ، بەم شێوەیەی خوارەوە :

أ- لە هاوەڵناوەوە....

١- هاوەڵناوی سادە + پاشگر = هاوەڵناوی داڕێژراو

نم/ ڕوون + اك = ڕووناك

یەکـــ + ەم = یەکەم

نەرم +ان = نەرمان

ڕەق +ەن = ڕەقەن

٢- پێشگر + هاوەڵناوی سادە= هاوەڵناوی داڕێژراو

نا + خۆش = ناخۆش

نا + ڕێك = ناڕێك

نا +ڕاست = ناڕاست

ب- لە ناوەوە.....

١- ناوی سادە + پاشگر=هاوەڵناوی داڕێژراو

ژن +انە = ژنانە

مەلە +وان،ڤان= مەلەوان ، مەلەڤان

برین +دار = بریندار

تێبینی / ( دار ) پاشگرێکی زمانی فارسییەو بەمانای ( هەبوون ) دێت ، بەڵام بەتەنیا واتای نییە ، بەڵکو لە داڕشتنی وشەدا مانا وەردەگرێت .

ئاسن +گەر = ئاسنگەر

بەخت +یار= بەختیار

٢- پێشگر +ناوی سادە = هاوەڵناوی داڕێژراو

بە + تام = بەتام

بە + جەرگ = بەجەرگ

بێ + شەرم = بێ شەرم

تــــــ / لە ڕەگی کارەوە ....

١- ڕەگی کار + پاشگر = هاوەڵناوی داڕێژراو

نووس + ەر = نووسەر

ترس + نۆك= ترسینۆك

لێرەدا ( نۆك ) وەکوو پاشگر بەکارهاتووە ، چونکە هیچ پەیوەندییەکی واتایی لەنێوان ( ترس ) و ( دانەوێڵەی نۆك )دا نییە ،کەواتە( نۆك )وەکوو پاشگرێکی بێواتا بەکارهاتووە، نەك وەکوو وشەی دانەوێڵەی نۆك.

زان+ا = زانـا

٢- پێشگر+ڕەگی کار= هاوەڵناوی داڕێژراو
نە + گۆڕ= نەگۆڕ
نە + بەز= نەبەز
نە +مر =نەمر
٣- پێشگر+ڕەگی کار+ پاشگر
نا +بین+نا = نابینا
نە + زێ +ۆك= نەزۆك لەبەرئەوەی ناکرێ دوو بزوێن بەدوای یەکتریدا بێن ، ( ێ ) لادراوە.
ب+خۆ+مر= بخـۆر لەبەرئەوەی ناکرێ دوو بزوێن بەدوای یەکتریدا بێن ، ( ە ) لادراوە.

پـــــــ / لە قەدی چاوگی تێنە پەڕ ....
قەدی چاوگی تێنە پەڕ + پاشگر= هاوەڵناوی داڕێژراو
کەوت + وو = کەوتـــوو
نووست +وو= نووستوو
شکا + و = شکاو
برد + ە = بردە
کەوت + ە = کەوتـە

( هاوەڵناوی لێکدراو )/ بریتییە لەو هاوەڵناوەی کە لەدوو بەشی واتاداری سادە ، یاخود زیاتر پێکدێت .
چەندیاسایەکی دروستکردنی ( هاوەڵناوی لێکدراو )
١- ناو+ناو =( هاوەڵناوی لێکدراو )
بەژن+ چنار= بەژن چنار / چاو+باز= چاوباز کچە بەژن چنارەکە جوانە.
٢- ناو+ئامراز+ناو= =( هاوەڵناوی لێکدراو )
دەست+بە+سەر= دەستبەسەر / گوڵ+بە +دەم=گوڵبەدەم خەیاری گوڵبەدەم ناسکە.
٣- دووبارەکردنەوەی ناوێك=( هاوەڵناوی لێکدراو )
ڕێ+ڕێ= ڕێ ڕێ / چین+چین= چین چین پرچی چین چین ، جوانە .
پارچە+پارچە= پارچە پارچە
٤- هاوەڵناوی ژمارەیی +ناو=( هاوەڵناوی لێکدراو )
دوو+دڵ= بەدوودڵ / حەوت+ڕەنگ= حەوت ڕەنگ بولبولە حەوترەنگەکە دەخوێنێت.
٥- ناو+هاوەڵناو=( هاوەڵناوی لێکدراو )
دڵ+خۆش= دڵخۆش مرۆڤی دڵخۆش بەختەوەرە.
چاو+شین= چاوشین
٦- هاوەڵناو + ئامراز+هاوەڵناو=( هاوەڵناوی لێکدراو )
بۆر+ە+دەوڵەمەند= بۆرەدەوڵەمەند
پاك+و+خاوێن= پاکوخاوێن خوێندکاری پاکوخاوێن خۆشەویستە.

٧- هاوەڵناو+ ئامراز+ناو=( هاوەڵناوی لێکدراو )

شۆڕ+ە+ژن= شۆڕەژن / گێل+ە+ پیاو=گێلە پیاو　　حەبسەخان شۆڕەژن بوو.

٨- ناو + ڕەگی کار =( هاوەڵناوی لێکدراو )

خێر+خواز= خێرخواز / ڕۆژنامە+نووس= ڕۆژنامەنووس　　کاوەی ڕۆژنامەنووس چاونەترس بوو.

پیاو+کوژ= پیاوکوژ / قورئان+خوێن= قورئا نخوێن

٩- هاوەڵناو+ ڕەگی کار=( هاوەڵناوی لێکدراو )

ڕاست +بێژ= ڕاستبێژ / ڕەش+پۆش= ڕەشپۆش　　کورە ڕەشپۆشەکە دەناسم.

خۆش+نووس= خۆشنووس / گەش+بین= گەشبین

١٠- هاوەڵناو+ هاوەڵناو=( هاوەڵناوی لێکدراو )

ڕەش+ ئەسمەر= ڕەشئەسمەر / تازە+ پێگەیشتوو= تازە پێگەیشتوو　　گە نجانی تازە پێگەیشتوو هەوڵدەدەن.

١١- ناو+هاوەڵناوێکی کراو=( هاوەڵناوی لێکدراو )

دڵ+سووتاو= دڵسووتاو / جەرگ+ بڕاو= جەرگبڕاو　　دایکی دڵسوتاو م خۆشدەوێ.

١٢- دووبارەبوونەوەی هاوەڵناوێکی سادە=( هاوەڵناوی لێکدراو )

جوان جوان - خۆش خۆش - سوور سوور　　بوکەڵەی جوان جوانـــم بۆ کچەکەم کڕیوە .

١٣- هاوەڵکار+ ناو

ژێر+دەست = ژێردەست / ژێر+چە پۆك= ژێرچە پۆك　　گەلی ژێردەست ، چەوساوەیە.

١٤- ناو+ ڕەگی کار+ پاشگر=( هاوەڵناوی لێکدراو )

خەبات+کە+ەر= خەباتکەر / ڕەنج+دە+ەر= ڕە نجدەر　　مرۆڤی خەباتکەر تێدەکۆشێت.

ڕاو+کە+ەر= ڕاوکەر / جل+شۆ+ەر= جلشۆر

# جۆرەکانی هاوەڵکار

# لەڕووی پێکهاتن ( ڕۆنان )ەوە

پێناسەی ( هاوەڵـکار ) / بریتییە لەو وشەیەی کە لەڕستەدا وەسفی ( کار )ی ڕستەکە دەکات و دەبێتە تەواوکەری کار .

( هاوەڵـکار ) لەڕووی پێکهاتنەوە دوو جۆرە ١- هاوەڵکاری سادە　٢- هاوەڵکاری ناسادە ← هاوەڵکاری داڕێژراو / هاوەڵکاری لێکدراو

ناسینەوەی هاوەڵکار

١- هەندێك وشە لەدەرەوەی ڕستە بە ( هاوەڵـکار ) ناسراون وەکوو ( زۆر - کەم - هەندێك ...هتد ) بەڵام کە چوونە ناو ڕستەوە بە پێی شوێنیان لە ڕستەدا بڕیار دەدەین کە ( هاوەڵـکار )ن یان ( هاوەڵـناو )

٢- هەموو ئاراستەکان ( هاوەڵـکار )ن وەکوو ( تەنیشت ، سەرەوە ، ژێرەوە ، لا ، خواروو ، پشتەوە ، پێشەوە ...هتد )

٣- ( تەنها بۆ وەبیرهێنانەوە )وەکوو لە وانەکانی پۆلی ( ١١ ) بەدرێژی باسکراوە ، هاوەڵکارەکان ( ٥ ) جۆرن کە ئەمانەن:

١- هاوەڵکاری کاتی / بەشەو ، بەرۆژ ، پێرار ، ئەمساڵ....　　ئەمساڵ دەردەچم .

٢- هاوەڵکاری شوێنی / لەسەربان ، لەقوتابخانە، لەبازاڕ...　　دیارییەکەم لەبازاڕ کڕی .

٣- هاوەڵکاری چۆنیەتی / بە پێ ، بەجوانی ، مەردانە...　　گەلەکەمان مەردانە ڕا پەڕی.

٤- هاوەڵکاری چەندی/ زۆر ، کەم ، هەندێك... تۆپەکەت زۆر دوورخستەوە.

٥- هاوەڵکاری ڕێکخستن/ پۆل پۆل ، ڕیز ڕیز ، چوار چوار مەلەکان پۆل پۆل دەفڕن .

(هاوەڵکاری سادە)/ لەیەك وشەی واتاداری سادە پێکهاتووە نە پێشگری هەیە و نە پاشگر ، هیچ بەشێکی تری واتاداریشی لەگەڵدا ، لەڕستەدا وەسفی( کار )دەکات.نییە . نم/ خێرا ، زۆر ، گورج....

خوێندکارەکە خێرا هات . ڕەمەکەی زۆر هەڵدا . باوکم گورج دەڕوات .

(هاوەڵکاری داڕێژراو )/ ئەو هاوەڵکارەیە کە لە وشەیەکی واتاداری سادەو پێشگرێك، یان پاشگرێك ، یان هەردووکیان پێکدێت .

## چەند ڕێگایەکی درووستکردنی هاوەڵکاری داڕێژراو .

١- پێشگری (بە) + ناو = هاوەڵکاری داڕێژراو

بە+ ناز= بەناز / بە +دڵ=بەدڵ / بە+ گیان= بەگیان / بە+ شەو=بەشەو بەدڵ خۆشم دەوێیت.

٢-پێشگر+ هاوەڵکار= هاوەڵکاری داڕێژراو

بە+زۆر=بەزۆر / لە+دوور=لەدوور / لە+ تەنیشت=لەتەنیشت / لە+نزیك= لەنزیك . لەتەنیشتم دابنیشە.

٣- ناو+ پاشگری (انە ) = هاوەڵکاری داڕێژراو

ڕۆژ+انە=ڕۆژانە / شێر+انە=شێرانە / منداڵ+انە= منداڵانە / ساڵ+انە=ساڵانە شێرانە بژی .

٤-هاوەڵناو+پاشگری (انە ) = هاوەڵکاری داڕێژراو.

دلێر+انە= دلێرانە / مەرد+انە=مەردانە / ئازا+انە= ئازایانە / ژیر+انە= ژیرانە دلێرانە دوژمنیان تێکشکاند.

٥- پێشگر+هاوەڵناو+ پاشگر = هاوەڵکاری داڕێژراو.

بە+هێمن+ی= بەهێمنی / بە+باش+ی=بەباشی / بە+فێنك+ی= بەفێنکی بەباشی دەخوێنم

٦- پێشگر+ناو+پاشگر = هاوەڵکاری داڕێژراو.

بە+کورد+ایەتی =بەکوردایەتی / بە+سوار+ی= بەسواری / بە+هاوین+ی=بەهاوینی بەهاوینی کاردەکەم.

بێ+باك+انە=بێباکانە / بێ+شەرم+انە=بێشەرمانە

هاوەڵکاری لێکدراو/ ئەو هاوەڵناوەیە ،کە لەدوو وشە یاخو پتر پێکدێت. لەڕستەدا وەسفی (کار) دەکات.

## چەند ڕێگایەکی درووستکردنی هاوەڵکاری لێکدراو

١- دووبارەکردنەوەی ناو ، یان هاوەڵناو = **هاوەڵکاری لێکدراو** .

دەستە دەستە / نم نم / پۆل پۆل/جوان جوان / هێدی هێدی / یەك یەك... هێدی هێدی بڕۆنە دەرەوە.

٢- ناو+ئامرازی (بە ) +ناو= **هاوەڵکاری لێکدراو**

ڕوو+بە+ڕوو=ڕووبەڕوو /ماڵ+بە+ماڵ=ماڵ بە ماڵ / دێ+بە+دێ= دێ بە دێ دێ بەدێ دەگەڕێم.

٣-ناو+ئامرازی(او)+ناو= **هاوەڵکاری لێکدراو**

سەر+او+سەر=سەراوسەر / دەم+او+دەم=دەماودەم / دۆڵ+او+دۆڵ=دۆڵاودۆڵ / پشت+او+ پشت= پشتاو پشت

٤- هاوەڵناو+ئامرازی (و) +هاوەڵناو= **هاوەڵکاری لێکدراو**

تێر+و+ پڕ=تێروپڕ / کز+و+مات=کزومات / پاك+و+خاوێن= پاکوخاوێن تێروپڕ دەردەکەوێت.

**٥-هاوەڵناو+ئامرازی( بە )+ناو= هاوەڵکاری لێکدراو**

پڕ+بە+دڵ= پڕبەدڵ / پڕ+بە+دەنگ=پڕبەدەنگ / پڕ+بە+دەم=پڕبەدەم پڕبەدەنگ هاوار دەکەم.

**٦- پێشگر+هاوەڵناوی لێکدراو+پاشگر= هاوەڵکاری لێکدراو**

بە+سەربەرز+ی=بەسەربەرزی / بە+ڕووخۆش+ی=بەڕووخۆشی / بە+دڵشکاو+ی=بەدڵشکاوی بەدڵشکاوی گەڕامەوە.

**٧-هاوەڵناوی نیشانە +ناو= هاوەڵکاری لێکدراو**

ئەم+شەو=ئەمشەو / ئەم+ڕۆ=ئەمڕۆ / ئەم+ساڵ=ئەمساڵ / ئەو+سا=ئەوسا ئەمڕۆ باران دەبارێت.

**٨- هاوەڵکار+هاوەڵناوی ژمارە+ناو= هاوەڵکاری لێکدراو**

پاش+نیوە+ڕۆ= پاشنیوەڕۆ / پێش+نیوە+ڕۆ= پێش نیوەڕۆ / پێش+دوو+ڕۆژ= پێش دووڕۆژ پاش نیوەڕۆ دەخەوم.

## ڕادە

ڕادەی هاوەڵناوی ← → ڕادەی هاوەڵکاری

### چەند تێبینییەکی گشتی

١-( **ڕادە** )هەمیشە دەبێتە ( دیارخەر ) بۆ ( هاوەڵناو ـ هاوەڵکار)ەکەی دوای خۆی.

٢-( **ڕادە** )بەردەوام دەکەوێتە پێش ( هاوەڵناو ـ هاوەڵکار) ەکە.

٣- بە ( **ڕادە** ) ەکەو ( هاوەڵناو ـ هاوەڵکار)ەکە ، گرێیەك درووست دەکەن.

٤-( هاوەڵناو ـ هاوەڵکار)ەکە هەمیشە دەبن بە ( **دیارخراو** ).

٥- لەنێوان ( **دیارخەرو دیارخراو**)دا پێویستمان بە ( ئامرازی خستنەسەر ) نییە .

ڕادەی هاوەڵناوی / بریتییە لە دەرخستنی ڕادەی هاوەڵناوێك بە هاوەڵناوێکی نادیار ، هاوەڵناوە نادیارەکان ( **زۆر ، هەندێك ، گەلێك ، کەمێك ، تۆزێك ، برێك ، فرە، پیچەك** .... هتد ) کاتێك ڕادەی هاوەڵناوێکیان دەرخست پێیان دەگوترێ ( **هاوەڵناوی نادیار** )

نموونەی ڕستە بۆ ڕادەی هاوەڵناوی ..

گرێی هاوەڵناوی

کتێبێکی **زۆر** کۆنــم وەرگرت.

ڕادەی ها.ناوی، دیارخەر دیارخراو

گرێی هاوەڵناوی

گرێی هاوەڵناوی

درەختێکی **کەمێك** بەرزم بینی .

ڕادەی ها.ناوی دیارخەر دیارخراو

خەلاتێکـــی **گەلێك** **باشم** پێ بەخشرا .

ڕادەی ها.ناوی، دیارخەر دیارخراو

ڕادەی هاوەڵکاری /بریتییە لە دەرخستنی ڕادەی هاوەڵکارێك بە ( هاوەڵکارێکی چەندی ).

هاوەڵکارە چەندییەکان ( زۆر ، هەندێك ، گەلێك ، کەمێك ، تۆزێك ، بڕێك ، فرە ، پیچەك .... هتد ) بەوە دەزانین کە ( هاوەڵکاری چەندی )ن ، لەڕستەدا بوون بە ( ڕادە ) بۆ هاوەڵکارێك .

نموونەی ڕستە بۆ ڕادەی هاوەڵکاری ..

فاکسەکەم **زۆر** **بە پەلە** نارد .

ڕادەی ها.کاری، دیارخەر دیارخراو — گرێی هاوەڵکاری چۆنیەتی

سبەی **تۆزێك** **زوو** بەرێدەکەوین.

ڕادەی ها.کاری، دیارخەر دیارخراو — گرێی هاوەڵکاری کاتی

بەلێننامەکەم **گەلێك** **درەنگ** نووسی .

ڕادەی ها.کاری، دیارخەر دیارخراو — گرێی هاوەڵکاری چۆنیەتی

# دیارخەرەکانی ناو

## ١- ناو لەدەوری دیارخەری ناودا

کاتێك ناوێك دەبێت بە ( دیارخەر ) بۆ ناوێکی تر ، پێویستە ڕەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە بکرێت :

١- ناوی ( دیارخراو ) دەکەوێتە پێش ناوە ( دیارخەر )ەکە .

٢- پێویستە لەنێوان ( دیارخراو ) و ( دیارخەر )دا ، ئامرازی خستنە سەری ( ی ) هەبێت.

٣- بە ( دیارخراو ) و ( دیارخەر ) هەردووکیان بەیەکەوە ( گرێیەکی ناوی )دروست دەکەن .

٤- ئەو ( گرێ ناوی )یە دەتوانێت هەموو ئەرکە ڕێزمانییەکان )ببینێت ، کە بریتین لە ( بکەر ، بەرکار ، جێگری بکەر ، دیارخەری ناو ، تەواوکەری بەیاریدە ، تەواوکەری کاری ناتەواو ، نیهاد ) .

٥- دەکرێ ناوی ( دیارخراو ) یان ( دیارخەر ) بە پێی شوێن و مەبەست ( بەمەرجێك لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێت ) نیشانەکانی ( تاك ، کۆ ، ناسرا ، نەناسراوی ) وەربگرن .

٦- ناوی شارەکان ولاتەکان و ناوی تایبەتی مرۆڤەکان نیشانەی ناسراوی ( ەکە ) و نیشانەی کۆ ( ان ) وەرناگرێت .

٧- لە کرمانجی ژووروودا ئامرازی خستنەسەر بە پێی تاك و کۆ ، نێرو مێ ، جیاوازە ، بەم شێوەیەی خوارەوە

أ- ( ا ) ئامرازی خستنەسەری ( تاکی مێ )یە . دایکـا من ئەندازیارە .

ب - ( ێ ) ئامرازی خستنەسەری ( تاکی نێر )ە. کوڕێ لەزگینی پێشمەرگەیە .

ت - ( ێت ، ێد، ێن )ئامرازی خستنەسەر ن بۆ ( کۆی نێرو مێ ) پلینگێن چیای ئازان .

گرێی ناوی ( نیهادە ) گرێی ناوی ( تەواوکەری بەیاریدە )

ئـاو ی کانی لە ئاو ی ڕووبار پاکترە. ناوێکی نەناسراو دیارخەری ناوێکی تری نەناسراوە.
دیارخراو ئا.خستنەسەر دیارخەر دیارخراو ئا.خستنەسەر دیارخەر

گرێی ناوی (بکەر)
پێشمەرگەکانـــی کوردستان دلێرانە بەرگری دەکەن . ناوێکی ناسراو (شوێن) دیارخەری ناوێکی کۆی ناساوە.
دیارخراو ئا.خستنەسەر دیارخەر

گرێی ناوی (بەرکار)
گوندێکـــی ولاتەکە م ناگۆڕمەوە بە هەموو شاری دونیا . ناوێکی ناسراو دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراوە.
دیارخراو ئا.خستنەسەر دیارخەر

گرێی ناوی (جێگری بکەر)
شوشە ی پەنجەرەکە شکێنرا . ناوێکی ناسراو دیارخەری ناوێکی گشتی نەناسراوە .
دیارخراو ئا.خستنەسەر دیارخەر

گرێی ناوی (تەواوکەری کاری ناتەواو)
کوردستانەکەمان گۆڕستانـــی دوژمنانـــە . ناوێکی کۆی نەناسراو دیارخەری ناوێکی گشتییە..
دیارخراو ئا.خستنەسەر دیارخەر

گرێی ناوی (بەرکار)
پێشمەرگەی ئەم نیشتمانەم خۆش دەوێت . ناوێکی دەستنیشانکراو دیارخەری ناوێکی گشتی نەناسراوە .
دیارخراو دیارخەر

## ئەرکی هاوەڵناو لەڕستەدا وەکوو دیارخەری ناو

هاوەڵناو ئەو وشەیەیە کە لە ڕستەدا وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات و، هەموو جۆرەکانی هاوەڵناو دەتوانن وەکوو بەشە ئاخاوتنەکانی تر ببنە (دیارخەری ناو) بە کۆمەڵێك تایبە تمەندییەوە :

١- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە،ناوێکی گشتی نەناسراو،یان ناوێکی تاکی نەناسراو بێت و( هاوەڵناو) یێك بوو بێت بە (دیارخەر)ی ئەوا ، ناوە دیارخراوەکە دەکەوێتە پێش ( هاوەڵناو)ە دیارخەرەکەو ، ئامرازی خستنەسەری (ی) دەکەوێتە نێوانیان .

نم/ زێر ی پاك ژەنگ هەڵناهێنێ . بەرگێکـــی خاوێنی لەبەرکردبوو.
دیارخراو ئا.خستنەسەر دیارخەر دیارخراو ئا.خستنەسەر دیارخەر

٢- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە کۆتایی بە پیتێکی (نەبزوێن) هات بێت و (ناسراو) بێت ، واتا نیشانەی ناسراوی (ەکە)ی وەرگرتبێت ، جا (تاك یان کۆ ) بێت ، ئەوا پێویستە ناوە دیارخراوەکەو ( هاوەڵناو) ە دیارخەرەکە بخەینە سەر شێوەی ناوێکی لێکدراو ، پاشان نیشانەی ناسراوییەکە دەکەوێتە دوای ( هاوەڵناو)ەکە . هەروەها لەگەڵ ناوی ناسراودا ئامرازی خستنەسەری (ە)دەچێتە نێوان ناوەکە و هاوەڵناوەکە.

نم/ شار ە خۆشەکە ئاهەنگ دەگێڕێت. دیوار ە بەرزەکە رووخا
دیارخراو ئا.خستنەسەر دیارخەر دیارخراو ئا.خستنەسەر دیارخەر

٣- أ-کاتێك ناوە ناسراوەکە (کۆ) بێت ، واتا نیشانەی (ان)ی وەرگرتبێت .نیشانەی ناسراوی (ەکە) و نیشانەی کۆ(ان) دەچنە دوای هاوەڵناوەکە ، سەرەتا نیشانەی ناسراوی ، پاشان نیشانەی کۆ دادەنرێتەوە. بەم شێوەیە :

ناوێکی لێکدراو (ەکە)ان

نم/ درەختـــــە بەرزەکان جوانن.
دیارخراو　ئا.خستنەسەر　دیارخەر

ب/ خۆ ئەگەر ناوێکی دیارخراو چەند هاوەڵناوێك بەدوای یەکتردا بوون بە ( دیارخەر ) بۆی ، ئەوا نیشانەکانی ناسراوی و کۆ ، دەکەونە کۆتایی دواهەمین هاوەڵناو .　( ەکە ـ ان )

نم/ درەختـــە بەرزە جوانـــە سەرنجڕاکێشـــەکان دەبینم.

٤- أ- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە ( تاك یان کۆی ناسراو )بێت .و کۆتایی بەیەکێك لەم پیتە بزوێنانە هاتبێت( ە ، ا ، ۆ ، ێ ) ، هەروەها لە یەك بڕگە زیاتر بێت ، ئەوا ئامرازی خستنەسەری ( ە ) لەنێوان ناوی دیارخراوو هاوەڵناوی ( دیارخەر )دا دەرناکەوێت. چونکە بە پێی دەستووری بڕگە لە زمانی کوردیدا ناکرێ دوو بزوێن لەیەك بڕگەدا بەدوای یەکتردا هاتبێت.

نم/ ١- ئەستێرە گەشەکە دەرکەوت.
دیارخراو　دیارخەر

٢- گەزۆ نایابەکان فرۆشران
دیارخراو　دیارخەر

٣- بەهێ گەییوەکانم لێکردەوە.
دیارخراو　دیارخەر

٤- خوێندنگا سەرکەوتووەکان خەڵاتکران.
دیارخراو　دیارخەر

ب- بەڵام ئەگەر ناوە ناسراوەکە تەنها لەیەك بڕگە پێکهاتبوو ، کۆتایی بەیەکێك لەم پیتە بزوێنانە هاتبێت( ە ، ا ، ۆ ، ێ ) ، ناوەکەو هاوەڵناوەکە دەخەینە سەر شێوەی ناوێکی لێکدراو و ئامرازی خستنەسەری ( ە ) وەردەگرێت .هەروەها ( یـ ) ناوبەند دەچێتە نێوان ناوە دیارخراوەکەو ئامرازی خستنەسەری ( ە ). وەك پێشتریش وتمان نیشانەی ناسراوی ( ەکە ) دەچێتە دوای هاوەڵناوە دیارخەرەکەو ئەگەر ناوەکە ( کۆ )ش بێت نیشانەی ( ان ) یش دەچێتە دوای ( ەکە )ی ناسراوی . .

نم / ١- شە یـــە بچـــوکەکە شکا.
دیارخراو　ناوبەند　ئا.خ　دیارخەر

٢-با یـــە بەهێزەکە هەڵیکرد.
دیارخراو　ناوبەند　ئا.خ　دیارخەر

٣- دۆ یـــە ترشەکەی ڕۆکرد.
دیارخراو　ناوبەند　ئا.خ　دیارخەر

٤- دێـــیـــە خۆشەکانـــم بینیوە .
دیارخراو　ناوبەند　ئا.خ　دیارخەر

٥- بەڵام ئەگەر ناوەدیارخراوە ناسراوەکە بە پیتەکانی ( ی ، وو ) کۆتایی هاتبوو ،( بەبێ ڕەچاوکردنی بڕگە ) ئامرازی خستنەسەری ( ە ) لەنێوان ناوی دیارخراو و هاوەڵناوی دیارخەردا دادەنێین ، بۆئەوەی دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نەیەن ، ناوبەندێك لەشێوەی پیتەکەی کۆتایی دیارخراوەکە وەردەگرێت .هەروەها ( وو ) ی قورس دەگۆڕێت بۆ ( و )ی سووك . بەم شێوەیە :

١- کانیـــیـــە ڕوونەکان جوانن.
دیارخراو　ناوبەند　ئا.خ　دیارخەر

٢- شاتوو ە سوورەکەم خوارد .
دیارخراو　ناوبەند　ئا.خ　دیارخەر

٣- بیـــیـــە سەوزەکان مەبڕنەوە .
دیارخراو ناوبەند ئا.خ دیارخەر

٦- ئەم جۆرە هاوەڵناوانەی خوارەوە کاتێك دەکەونە پێش ناوەدیارخراوەکە ، لەنێوان هاوەڵناوەکەو ناوە دیارخراوەکە پێویستمان بە ئامرازی خستنەسەر نابێت .

أ- هاوەڵناوی ژمارەیی بنچی ⟵ چوار گۆڤارم کڕی .
ب- هاوەڵناوی نیشانە ⟵ ئەم زانکۆیـــە پێشکەوتووە .
ت- هاوەڵناوی پرس ⟵ کام یاریزان ئامادەنەبوو؟
پ- هاوەڵناوی نادیار ⟵ هەموو خوێندکارێك ئەرکی خۆی دەزانێت .
ج- هاوەڵناوی پلەی باڵا ⟵ جوانترین خەڵاتم وەرگرت .

٧- بەڵام ئەم جۆرە هاوەڵناوانەی خوارەوە کاتێك دەکەونە دوای ناوی دیارخراو ، لەنێوان ناوەکەو هاوەڵناوە دیارخەرەکەدا پێویستیان بە ئامرازی خستنەسەری ( ی ) دەبێت .

أ- هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن ⟵ یاریزانـــی دووەم خەڵاتکرا .
ب- هاوەڵناوی نادیار ⟵ فەرهەنگێکی تر بەکاردەهێنم .
ت- هاوەڵناوی پرس ⟵ گوڵـــی چۆنـــت دەوێت ؟
پ- هاوەڵناوی پلەی بەراورد ⟵ نمرەی بەرزتر بەدەستدەهێنم.

٨- کاتێك هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی دەبێت بە دیارخەری ناو ، هەمیشە هاوەڵناوە کەرتییەکە پێش ناوە دیارخراوەکە دەکەوێت و ، لەنێوان هاوەڵناوی دیارخەر و ناوی دیارخراو دا ئامرازی خستنەسەری ( ی ) بەکاردێت .

نم/ ١- سێیەکـــی نانەکەم خوار.
دیارخەر ئا.خ دیارخراو

٢- نیوە ی زەوییەکەی ئاودا .
دیارخەر ئا.خ دیارخراو

٣- لە سەدا هەشتـــا ی خوێندکارەکان دەرچوون.
دیارخەر ئا.خ دیارخراو

٩- لە کۆی خاڵەکانی سەرەوەدا ئەوە ڕوون بووەوە کە ناوی دیارخراوو هاوەڵناوی دیارخەر دەچنە سەر شێوەی گرێییەکی ناوی و دەتوانن هەموو ئەرکە ڕێزمانییەکان ببینن.

نم/ ١-دارستانە چڕەکەمان بینی . ( بەرکار)
٢- لە دارستانە چڕەکە دانیشتین. ( تەواوکەری بەیاریدە)
٣- دارستانە چڕەکە بینرا . ( جێگری بکەر)
٤- دارستانە چڕەکە جوانە . ( نیهاد)
٥- ئاما نجمان پاراستنی دارستانە چڕەکە بوو. ( تەواوکەری کاری ناتەواو)
٦- دارستانە چڕەکە درەختی بەرز بەرهەم دەهێنێ. ( بکەر)
٧- درەختی دارستانە چڕەکە بەناوبانگن. ( دیارخەری ناو)

## جێنـاوی سەربەخۆ لەدەوری دیارخەری نـاودا

**کاتێك جێناوە سەربەخۆکان دەبنە دیارخەری ناو ، بەم شێوەیە دەردەکەون :**

**١- ناوە دیارخراوەکە هەمیشە دەکەوێتە پێش جێناوە سەربەخۆکە.**

**٢- ئامرازی خستنەسەری ( ی ) دەکەوێتە نێوان ناوەکەو جێناوەسەربەخۆکە .**

**٣- ناوەکەو جێناوە سەربەخۆکە دەچنە سەر شێوەی گرێیەکی ناوی .**

**٤- ئەو گرێ ناوییە هەموو ئەرکە ڕێزمانییەکان دەبینێت.**

**ئەو جێناوە سەربەخۆیانەی دەبنە دیارخەری ناو**

**١-جێناوی کەسی سەربەخۆ ( من ـ ئێمە ـ تۆ ـ ئێوە ـ ئەو ـ ئەوان )**

گرێی ناوییە (بکەر)ە
**مامۆستاکــــە ی ئێــمــە سەرکەوتووە.**
دیارخراو  ئا.خ  دیارخەر

گرێی ناوییە (نیهاد)ە
**خوێندنگاکە ی ئەوان یەکەم بوو.**
دیارخراو  ئا.خ  دیارخەر

**٢- جێناوی خۆیی ( خۆم ـ خۆمان ـ خۆت ـ خۆتان ـ خۆی ـ خۆیان )**

گرێی ناوییە (بەرکار)ە
**ماڵــــــی خۆم دەخۆم.**
دیارخراو  ئا.خ  دیارخەر

گرێی ناوییە (بەرکار)ە
**کتێبەکە ی خۆتــم بۆ بهێنە .**
دیارخراو  ئا.خ  دیارخەر

**٣- جێناوی پرس ( کام ؟ چەند ؟ چ ؟ چی ؟ کێ ؟ کیهە ؟ کێژان ؟ )**

گرێی ناوییە (بکەر)ە
**ئۆتۆمبێلــی کێ سووتاوە ؟**
دیارخراو  ئا.خ  دیارخەر

گرێی ناوییە (ت.بەیاریدە)یە
**لە پارە ی چی هاوکاری خەڵك دەکەن ؟**
دیارخراو  ئا.خ  دیارخەر

٤- جێناوی نادیار ( هین - فلان - فیسار - کەس - کابرا - وانێك )

گرێی ناوییە (بکەر)ە
خانوو ی فلان خۆشە .
دیارخراو ئا.خ دیارخەر

گرێی ناوییە (تە . کاری ناتەواو)ە
هێمن برا ی کابرا یە .
دیارخراو ئا.خ دیارخەر

٥- جێناوی نیشانە ( ئەمە - ئەوە - ئەمانە - ئەوانە )

گرێی ناوییە (جێگری بکەر)ە
دووکانەکە ی ئەمانە فرۆشراوە .
دیارخراو ئا.خ دیارخەر

گرێی ناوییە (بەرکار)ە
وێنە ی ئەمە بگرە .
دیارخراو ئا.خ دیارخەر

تێبینی / جێناوی هەیی لە ڕستەدا نابێتە ( دیارخەری ناو ).
ئەو گرێ ناوییەی کە ناوێك و جێناوێکی سەربەخۆ دروستی دەکەن ، دەتوانێت هەموو ئەرکە ڕێزمانییەکان لە ڕستەدا ببینێت .

١- ئاهەنگەکەی ئەوان دڵی ئامادەبووانی خۆش کرد. ( بکەر )
٢- ئاهەنگەکەی ئەوان خۆش بوو . ( نیهاد )
٣- لە ئاهەنگەکەی ئەوان ئامادەبووم. ( تەواوکەری بەیارییدە )
٤- ئاهەنگەکەی ئەوان سازکرا ( جێگری بکەر )
٥- ئاهەنگەکەی ئەوانـــم بینی ( بەرکار )
٦- وێنە جوانەکە هی ئاهەنگەکەی ئەوانــە ( تەواوکەری کاری ناتەواو )
٧- شایی ئاهەنگەکەی ئەوان گەرم بوو ( دیارخەری ناو )

## ئەرکی جێناوی کەسی لکاو لەدەوری ( دیارخەری ناو ) دا

جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی ( م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ) و ( کۆمەڵەی ( م ، ین ، یت ، ن ، ە ، ن ) دەکرێ بن بە دیارخەر بۆ ناو بەم شێوەیە :

کۆمەڵەی ( م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان )

هاوڕێکەم چوو بۆ سەیرانگای دووکان . ( ڕابردووی تێنە پەڕ ) ( هاوڕێکەی من )

مامۆستاکەمان دێت بۆ سەیری پێشانگاکە . ( ڕانەبردووی تێنە پەڕ ) ( مامۆستاکەی ئێمە )
دیارخراو دیارخەر

نامەکەتـــم گەیاند ( ڕابردووی تێپەڕ ) ( نامەکەی تۆ )
دیارخراو دیارخەر

شارەکـــەمان دەکەین بە بەهەشت . ( ڕانەبردووی تێپەڕ ) ( شارەکەی ئێمە )
دیارخراو دیارخەر

زیندانییەکانمان ئازادکران . ( بکەرنادیار ) ( زیندانییەکەی ئێمە )
دیارخراو دیارخەر

پەیامەکەمان بگەیەنن . ( داخوازی ) ( پەیامەکەی ئێمە )
دیارخراو دیارخەر

- کۆمەڵەی ( م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ) لەگەڵ کارەکانی ( ڕابردووی تێنە پەڕ و ڕانەبردووی تێنە پەڕ و ڕابردووی تێپەڕ و ڕانەبردووی تێپەڕ و بکەرنادیار و داخوازی ) ، دەبنە ( دیارخەری ناو ) و لەدوای ناوە دیارخراوەکەوە دێن .

- لەنێوان ناوی دیارخراوو جێناوی لکاوی دیارخەردا ، پێویستیمان بە ئامرازی خستنەسەر نابێت .
- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە ناوێکی تر یان هاوەڵناوێك بووبن بە ( دیارخەر ) بۆی ، ئەوا جێناوی لکاو لەدەوری دیارخەردا دەکەوێتە دوای دیارخەرەکانی ترەوە .

نموونە / بەیانی گۆرانییە نوێیەکەم تۆماردەکەم . لێرەدا جێناوە لکاوە دیارخەرەکە کەوتۆتە دوای هاوەڵناوەکەوە .

ژووری پۆلەکەمان پاك دەکەینەوە . لەم ڕستەیاندا جێناوە لکاوە دیارخەرەکە کەوتۆتە دوای ناوەکەوە .

کۆمەڵەی( م ، ین ، یت ، ن ، Ө ، ن ) تەنها لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا وەکوو ( دیارخەری ناو ) دەردەکەوێت و دەکەوێتە کۆتایی کارەکە .

نامەکەم گەیاندیت . خانووەکە ی فرۆشتین .

دیارخراو دیارخەر دیارخراو دیارخەر